
# پیرۆز بێت یەکی ئایار، ڕۆژی هاوپشتی و هاوچارەنووسی نێونەتەوەیی چینی کرێکار!



[2] Karl Marx (1818–1883).



[3] Friedrich Engels (1820–1895).

**ئەگەر مارکس و ئەنگلز ئێستا زیندوو بوونایە چیان دەنووسی؟ ل3**


# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالی دووەم، ژمارە (27) 1/5/2018 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت


# ئامانجی سەرەکی بۆرژوازی کورد، لەهەڵبژاردنەکاندا کپکردنەوەی نارەزایەتیەکان و هەوڵە بۆ لکاندنەوەی کوردستان بەعێراقی ئیسلامی- عروبیەوە!



**بەرزو بەرێز بێت یادی تیکۆشان و یاخی بوونی سەردەشت بۆ ئازادی و دادپەروەری**

**تائەوکاتەی ماوین دەبێ قسەبکەین، ئەوکاتەی کە تەمەنیشم کۆتایی دێت، باهاوڕێکانم خاڵێکم بۆ دابنێن و سەرلەنوێ بەدێڕێکی تر دەست پێبکەنەوە...**

سەردەشت عوسمان

## فۆبیای سەردەشت... فوبیای ئازادی...ل 3

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە....


* ئەم هەڵبژاردنە بایکۆت و ڕیسوا بکەن.......................................ل4
* بەرهەم ساڵح لەلوتکەی دەسەلات و کەندەڵیەوە بۆ بانگەشەی..................ل5
* شەڕی دەستورو مافە دەستورییەکان، قسەیەکی فریوکارانەیە.......................ل6
* سکتاریزم لە یەکی ئایاری 2018دا..................................................ل7
* هەواڵی نارەزایەتییە کرێکاری و جەماوەرییەکان...................................ل8
* پێویستە یەکی ئایار بکرێتە کەرنەڤاڵی تێکۆشان بۆ.................................ل9
* لەکۆشەیەکی تروەوە..........................................................ل10


## وتەی ژمارە

هەڵبژاردن لەهیچ جیگایەکی دنیادا، ڕێگاییەک نییە بۆ ئاڵوگۆری دەسەلات و باشترکردنی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان و مافەکانیان. ئەزموونی دیموکراسی پەرلەمانی لەتەواوی میژووی خۆیدا، بەکردەوە نیشانی داوە، کە کایەی هەڵبژاردنی بۆ رەوایەتی بەخشین و درێژەدان بەسیستەم و دەسەلاتی چەوسێنەری سەرمایەو سەرمایەدارییە. خۆ ئەگەر هەڵبژاردنەکان، لەو چوارچێوەو ئامانجە راگەیەندراوە، کە پایەی بنەرەتی پاراستنی سەرمایەو دەسەلاتی سەرمایەیە، لابدات... خودی بۆرژوازی ئەو کایە رادەگرێت و یاساغی دەکات. هەروەکو ئیما گۆڵدمان دەڵێت: "ئەگەر دەنگدان شتێکی گۆریبا، قەدەغەیان دەکرد".

ئەگەر هەڵبژاردن تێزو ئەزمونێکی ئەزمونکراوی دنیای دیموکراسی و راستیەکی حاشاهەڵنەگەری ژێر سایەی دەسەلاتی سەرمایەو روکنێکی راگرتن و درێژەدان بە نیزامی سەرمایەداریە، لەوڵاتانی سەقامگیر و جێگیر و خاوەن ناسنامەی حقوقی دەوڵەتیدا، ئەوا هەڵبژاردن لەوڵات و دەوڵەتی ناسەقامگیر یان بێ ناسنامەی دەوڵەتیدا، فریوکارییەکی ئاشکراو ناوەرۆکێکی پوچتر لە هەڵبژاردنی شوێنەکانی تری دنیای هەیە.

لە شوێنێکی وەک و عێراقدا، کە نە حزبێکی مۆدیرن و نە وڵاتێکی سەقامگیرو سەربەخۆ و نە جغرافیایەکی یەکگرتووی بەیەکەوە گرێدارو و نە یاسا و مافی یەکسان بۆ هاوڵاتیان، بوونی هەیە، هەڵبژاردن و کایەی هەڵبژاردنەکان، فریوکاریی و درۆیەکی هێندە ئاشکراو ئەزموونکراوە، کە پێویستی بە بەڵگەو فاکت نییە.

بانگەشەی حزبە بۆرژوازییەکانی کورد" بە دەسەلات و ئۆپۆزیسیۆنەوە، بەقەومی و ئیسلامییەوە" کە گوایە بەبەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بەرگری لە مافی خەڵکی کوردو کوردستان!! دەکەن، یان ئەگەر یەکگرتووبن دەستکەوتی گەورە بەدەست دەهێنن بۆ ئەزموونی کوردی!!، تۆزقاڵە زەرەیەک راستی تێدا نییە. بەجیا لەوەی کە حزبە کوردییەکان، لە دوای کەوتنی دەسەلاتی بەعسەوە لە دەسەلاتی ناوەندی بەغدادا بەشدارن و هەموو حزبەکان هەر یەکەیەیان چ لە حکومەت و چ لەپەرلەماندا نوێنەریان هەیە، لەوپەری لاوازی دەسەلاتی ناوەندی بەغدادا نەک نەیانتوانییوە جێگایەک و دەستکەوتێک بۆ خەڵکی کوردستان، مسۆگەر بکەن، تەنانەت نەیان توانییوە یەک...

بۆ لاپەرە 2

## درێژەی... وتەی ژمارە

بەندی دەستوریش، لەچەشنی مادەی ١٤٠ وەک نموونە کە جێگا شانازی خۆیانە، هەنگاوێک ببنە پێشەوە، بەجیا لەوە پرسی خەڵکی کوردستانیان، لە پرسێکی سیاسی و نەتەوەییەوە، کردووە، بە کێشەی موچەو پچرینی داهات و جەنگین لەسەر نەوت و سامان و پۆست و پلەو پایە. لەهەلومەرجێ دوای ١٦ ئۆکتۆبەردا، کە پێگەی حزبە بۆرژوازییەکانی عێراق و دەسەڵاتی ناوەند بەهێزتر بووە دەسەڵات و پێگەی ناسیونالیزمی کورد تا هاتووە پاشەکشەی پێکراوە، کەچی بێشەرمانە دەهۆڵی بەرگری لە مافەکانی خەڵکی کوردستان دەکوتن و خەمی سەرەکیان بۆتە پاکانەکردن بۆ عەبادی و حزبە قەومی و دینییەکان، پشتیوانی ئاشکرا لە سیاسەت و پلان و نەخشەکانی بە داگیرکردنەوەی کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکانیشەوە، بوونەتە زورنا ژەنی یەکپارچەیی عێراق و لەبەیک ناردن بۆ دەسەڵاتی کۆنەپەرستی ئیسلامی و شۆفینزمی عەرەبی. خێڵی گەمژەی چاو لەدەستی دەسەڵاتی عروبی و ئیسلامی قەومی، ریفراندۆم بە بەڵا وێنا دەکەن و کێشەکانی ئێستای کۆمەڵگەی کوردستان، بە ریفراندۆمەوە شەتەک دەدەن... تا لەورێگایەوە کارنامەی شەرماوەری سەرکوت و بێمافی و گرانی و برسێتی و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان و دزی سیستیماتیکی ٢٧ ساڵەی دەسەڵاتداریێتیان، دابپۆشن.

دنیایەکی سەیرە... حزبەکانی کوردستان بێ جیاوازی، بە قەومی و دینیەوە، چ وەکو رووی راستەقینەی خۆیان کە فڕیان بەسەر دیموکراسی و پابەندبوون بە مافە فەردی و مەدەنییەکان نییە، ٢٧ ساڵە لە کوردستاندا، کۆمەڵگە دادەدۆشن و خەریکی دزی و تالانی لەلایەک و خۆشخزمەتی بە ولاتانی ناوچەکەن لەلایەکی ترەوەن... وە نەک نەیان توانیووە سەرەتاییترین ویست و خواستی هاوڵاتیان، وەدیبێنن، بەڵکو ئەوەی کە هەش بووە، لەبەینیان بردووە، کەچی بێشەرمانە بانگەشەی ئەوەدەکەن لە بەغدا و لەژێر چادری عەمامە بەسەرو بەچکە بەعسیییە بودەڵەکانەوە دیموکراسی دەهێنن و وە دەستکەوتەکانی!! خەڵکی کوردستان زامن دەکەن و بەرگری لە مافەکانی کورد دەکەن.

ئەم حزبە سیاسییە چەک بەدەست ومافیایانە، وە نۆکەر و خۆشخزمەت و بەرگری کەر لە" سەوابیتی ئیسلامی"، باش دەزانن بەرپرسە کورد زمانەکان و خۆفرۆشەکانی بەشدار لەدەسەڵاتی بەعسی روخاودا، چیان بۆخەڵکی کوردستان کردووە، ئەوانیش دەتوانن هەر ئەو رۆڵە خۆفرۆشییە بگێرن و هاوکات دزی و تالانی لەسەر حسابی خەڵکی کوردستان، بەبەشداریان لەدەسەڵاتی ئیسلامی و عروبی بەغدا، درێژە پێبدەن. ئەوەش باش دەزانن کە هیچ کام لە حزب و رەوتە سیاسییەکانی بۆرژوازی عێراق، بروایان بە مافی خەڵکی کوردستان و تەنانەت پابەندی دەستورە قەومی و تایفیەیەکشیان نابن و بەکردەوەش چۆن لەدژی مافەکانی خەڵکی کوردستان وەستاون ئاواش لە لەژێر دەسەڵاتی خۆیاندا لە ناوەراست و خواروی عێراقدا، وەکو حزبە دزەکانی کوردستان سامان و داهاتی نەوت و غازو چی و چی حەپەلوش دەکەن و مافە زۆر سەرەتاییەکانی خەڵکی کرێکارو نەداری عێراق بەرەسمی ناناسن... ئەم خێڵە لە بۆرژوازی عەرەب و کورد، بێ موارلترین نموونەی دەسەڵاتدارێتی و بۆگەنترین مافیای تالانین لە مێژووی هاوچەخدا.

بە ئاشکرا و لە بانگەشەو پەیامەکانیاندا دیارە، کە حزبە بۆرژوازییە بودەڵەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و ئیسلامی و پالێوراوە تەسەلەکانیان، ئامانجیان لەهەڵبژاردنەکانی بەغدادا، لەلایەکەوە بۆ لکاندنەوەی کوردستانە بەدەسەڵاتی ناوەندی و بەشداربوونە لە دەسەڵاتدا، لەلایەکی تریشەوە دەیانەوێ بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری خەڵکی کوردستان لەدژی دزی و تالانی و بۆ موچەو خۆشگوزەرانی و ماف و ئازادییەکان، کپ بکەنەوەو دەسەڵاتی زاڵمانەی پارێزەری چینە داراکانی کوردستان بپارێزن...

ئەو ئامانجە دژە ئینسانیانە، لەدرێژەی سەرکوت و پلان و فریوکاریدایە،... ئەو حزبانەی دژی ریفراندۆم بوون و ئەو حزبانەش کە لایەنگری و ئاڵاهەڵگری ریفراندۆم بوون، بۆ مەبەستی دوور لەسەربەخۆیی لە خانەوادەی بۆرژوازی کوردا، ئێستا یەک دەست سویند بەیەکپارچەیی عێراق دەخۆن، و دەیانەوێت کوردستانی بەکردەوە دابراوی چەند دەهە لەوە پێشەوە لە سات و سەوداو گەمەی هەڵبژاردنەکاندا، بە عێراقی ئیسلامی و عروبیەوە بلکێنەوە...

ئەو دوو ئامانجە، چ خاوکردنەوەو کپکردنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و چ هەوڵدان بۆ لکاندنەوەی کوردستان بەو دەسەڵاتەی ناوەندەوە، پلانێکی ئاشکرایە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی سیاسی سەرمایە لە کوردستاندا...

گرفتی کۆمەڵگەی کوردستان... دەسەڵاتی میلیشیایی بزوتنەوەی کوردایەتی و فیدرالیزمی پوچی قەومییە، هەڵبژاردنەکانیش بۆ هێشتنەوەی ئەو دوو گرفتە سەرەکییەو کۆسپ سازکردنە لەبەردەم هەر خەبات و بزوتنەوەیەک کە بۆ کۆتاییهینان بەو دوو گرفتە تێدەکۆشێت...

ماف و ئازادی و خزمەتگوزارییەکان و یاساو ریسای ئینسانییەکان، لە کوردستاندا حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و لێی بەرپرسن نەک ناوەندو بەغدا،... پرسی سیاسی خەڵکی کوردستانیش و بەرەسمی ناسینی ئەو ئیرادەیە بۆ بریاردان لەسەر چارەنووسی خۆیان، بەغداو ناوەند لێی بەرپرسن... کەچی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد... بۆ پرسی ناوخۆی کوردستان... لەدژی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان و نارەزایەتیە رەواکانییدا دەوەستنەوە و تالانی کوردستان دەکەن و ماف و ئازادییەکان ژێر پێدەخەن... بۆ پرسی سیاسی کورستانیش، عەبادیان کردۆتە قیبلەو سویند بە یەکپارچەیی عێراق دەخۆن... بەم جۆرە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، هەم لە کوردستان لەدژی ویست و مافەکانی خەڵکی کوردستاندا وەستاون و هەم لە بەغداش دەست لەناودەستی بۆرژوازی عەرەبن و بۆ وەستانەوە بەرووی ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستاندا بۆ دیاریکردنی ئایندەی سیاسی... بێشەرمانەش بانگەشەی ئەوە دەکەن... کە مافەکانی کورد لە بەغدا بۆ کورد دەستبەر دەکەن...

جەماوەری بێبەش و نارازی و تورەی کوردستان لەدژی دەسەلاتی میلێشییایی و تالانچێتی و بۆ مافەکانیان بۆ ئایندەیەکی باشتر تەنها رێگای درێژەدان بەخەباتیان لەبەردەمە... لە جێگای هەڵبژاردنەکان و بەشداری لەم هەڵبژاردنانە، درێژەدان بە نارەزایەتیەکانیان و بەرینکردنەوەو رێکخراوکردن و سەراسەری هێشتنەوەی بۆ کۆتایی بەو دەسەڵاتە و کەنارخستنی ئەو ئۆپۆزیسیۆنە بۆرژوازییە لەلایەک و خەباتی سەربەخۆ و جەماوەری بۆ سەربەخۆیی کوردستان و وڵاتێکی سەربەخۆیە...

ئەمە لە بایکۆت لە خەڵکی بێبەشی کوردستان و رابەرانی سیاسی بەرچاورۆشن و بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بۆ مافەکانیان زیاتر دەخوازێت... ئەمە پێویستی بەوەیە لەبەرامبەر بە هەڵبژاردنەکان و پلان و ئامانجی ناو کایەی هەڵبژاردنەکان...


رابەران و هەڵسوراوانی بزوتنەوەی کرێکاری و جەماوەری و توێژە بێبەشەکان، لەدەوری یەکتری کۆببنەوە و پلاتفۆرمی سەربەخۆی خۆیان بخەنە روو، پلاتفۆرمێک لە نەخشە رێگای درێژەدان بە خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکان و لە ناویشدا، چالاکی جەماوەری بۆ پوچەڵکردنەوەی هەڵبژاردنەکان، دابرێژن ئەو هەنگاوە کردەیانە بگرنە بەر کە رێگەدەگرێت لەوەی خەڵکی کوردستان ببنە زەخیرەی هەڵزنینی ئەو حزب و رێکخراوە سیاسیانە، بۆ بەشداری لەدەسەڵاتی ناوەندی و درێژەدان بەدەسەڵاتی تالانکارانەو سەرکوتگورانەیان لەکوردستان. وە پیویستە ئەو خەباتەش تیکەڵکێشی خواستی جیابوونەوەی کوردستان و پیکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ بکەن... کە زامنی" نان، ئازادی، سەربەخۆیی و دەسەڵاتدارێتی جەماوەری" بکات...

پیویستە چادر و خێمەی رابەران و هەڵسوراوانی بزتنەوەی جەماوەری لە شوێنی کار و ژیان و ناوجەرگەی شارەکاندا، لەبەرامبەر بە درۆی هەڵبژاردنەکان و فریوکارییەکانیاندا، هەڵبدەن... کارنامەی ٢٧ ساڵەی ئەو دەسەڵاتدارێتیە، بخەنە روو، لە مارشی ئایارەکاندا پێداگری لە خواستە رەواکانی خۆیان بکەنەوە... کارگە و کارخانەو ناوەندە خەدەمیەکان و گەرەک و شوێنە گشتیەکان، پێویستە ببنە سەکۆی کۆبونەوەی جەماوەری بۆ وەستانەوە بەرووی گاڵتەجاری هەڵبژاردندا...

ماف و ئازادییەکان و خزمەتگوزارییەکان و داهات و سامانی خەڵکی کوردستان.... لەدەست دزانی ناوخۆ و حزبەکانیاندایە، دەبێ لە کوردستان و بە خەباتی لێبراو رێکخراو پوچەڵکردنەوەی سیاسەت و نەخشەکانیان و لەوانەش هەڵبژاردنەکان، لە گەرویان دەربهێنرێت و بەسەریاندا بسەپێنرێت. ئامانجێکی هەڵبژاردنەکان بۆ خاوکردنەوەی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان و خۆ دزینەوەیە لە دابینکردنی ویست و ماف و ئازادییەکان و شانخاڵی کردنەوەیانە لە بەرامبەریان.

**کۆتایی ئەپریلی ٢٠١٨**

# بەرگی دووەمی کتێبی سەردەشت عوسمان لە چاپ دەرهات و بڵاوبۆوە...




بەبۆنەی هەشتەمین ساڵیادی تیرۆری سەدەشت عوسمانی نووسەرو رۆژنامەنووس، بەرگی دووەمی کتێبەکەی بە دیزانێکی ڕەنگین لەقەبارەیەکی گەورەی ٨٠٠ لاپەرەییدا لەچاپ دەرهات... لەم بەرگەدا دەیان وتار و بەدواداچوونی رۆژنامەوانی، چەندین وێنەی تایبەتی و بیوگرافیای سەردەشت... ژمارەگەلێکی زۆر وتار و وێنە و ریپۆرتاژی چالاکی و مەراسیمەکانی ریزگرتنی ساڵانەی لە کوردستان و وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکاو ئوستراليا...ی لەخۆگرتووە. ئێستا ئەم کتێبە لە کتێبخانەکانی کوردستان دەست دەکەوێت.


هەروەها لە ماوەیەکی نزیکدا، لەسەر وێبسایتی هاوپشتیدا بە شێوەی پی دی ئیف دادەنرێت... تا خوێنەران و تامەزرۆیانی ئازادی دەستیان بە بابەتەکانی ئەو کتێبە بگات.

**پیرۆزبێت 1 ئایار ڕۆژی هاوپشتی وئەنتەرناسیونالیستی چینی کرێکار!**

**ڕۆژی توندکردنەوەی خەبات لەدژی نەزم و نیزامی زاڵمانەی سەرمایەو سەرمایەداری!**

# ئەگەر مارکس و ئەنگلز ئێستا زیندوو بوونایە چیان دەنووسی؟

## سالار حمە سەعید




دوبارە ڕۆشنفکرانی بۆرژوایی دەکەونەوە باسی کۆمۆنیزم و مارکسیزم هەر بۆ ئەم مەبەستە دەستکاری یەکەمین دێڕی مانیفێستی کۆمۆنیستی مارکس و ئەنگلز دەکەن و دەڵێن، گەر مارکس و ئەنگلز ئێستا زیندوو بوونایا دەیاننوسی: " تارماییەک جیهانی داگرتووە، تارمایی فەعالگەرایی و میلیتانتی گەرایی تەواوی دەسەڵات وهێزەکانی نەزمی کۆنی جیهانی کەوتۆتە هاوپەیمانیەکی پیرۆزەوە، بۆ دەرکردنی ئەم تارماییە ".

بۆرژوازی ترس دایگرتوە و نازانێت چۆن بەر بە شەپۆلی ناڕەزایەتی کرێکاران و بێکاران و زەحمەتکێشان بگرێت، دەڵێن مارکسیزم ڕێگە چارە نییەو "تارمایی کۆمۆنیزم" ئەوروپای دانەگرتووە، بەڵکو ئەکتیڤیزم واتە فەعال گەرایی و پراگماتیزم، ئەلتەرناتیڤە. دەمڕاستەکانی بۆرژوازی دەڵێن: کاتی ئەوە هاتووە کە مانیفێست دووبارە بنووسرێتەوە، مەبەستیان لە مانیفێستی خۆیانە، مانیفێستێک کە کاپیتاڵیزم لەم ڕۆژگارە ڕەشە دەربهێنێت.

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تەنها چەند کەسایەتیەک هەبووە کە کار و چالاکیەکانیان کاریگەری کردووە لەسەر ژیان وچارەنووسی مرۆڤایەتی. یەکێک لەو کەسایەتیە گرنگانە کەسێک بووە کە فەیلەسوف و ئابووریناس و کۆمەڵناس و ڕەخنەگرو مێژوونووس و ڕۆژنامەنووس و دامەزرێنەر و بنیاتنەری تیۆری سۆسیالیزمی زانستی و ماتریالیزمی دیالەکتیک وماتیریالیزمی مێژوویی و تەواوی بزوتنەوە کۆمۆنیستی و سۆسیالیستیەکانی ئەمڕۆ و دوێنێ و زیاتر لەسەدەیەک لەمەوبەر بووە، ئەوکەسایەتیەش کارل مارکسە که لەدایک بووی ٥ی ئایاری ساڵی ١٨١٨ یەو ئەم ٥ی ئایارە دوو سەد ساڵ بەسەر لەدایکبوونیدا تێپەردەبێت و دنیای بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە.

مارکسیزم یاخود درک و تێگەیشتنی ماتیریالیستیانە بۆ مێژوو، مێژووی تا ئێستای کۆمەڵگای مەوجود بە مێژووی خەباتی چینایەتی دەزانێت.

مارکس ئەگەرچی تێکڕا ٨ خوشک و برای هەبووە، تەنها سیانیان گەیشتوونەتە تەمەنی ٢٥ ساڵی، بەڵام مارکس ژیا، مارکس تەنها بۆ ئەوە ژیا کە " داس کاپیتاڵ " واتە (سەرمایە) بنووسێت. ئەگەرچی لەژیانی خۆیدا تەنها بەشی یەکەمی کتێبی " سەرمایە " ی بڵاوکرایەوە، بەڵام فردریک ئەنگلزی هاوڕێی بەشی دووهەم و سێهەمی سەرمایەی بۆ بڵاوکردەوە، کاتێک کە مارکس لەژیاندا نەمابوو.

لەوەڵام بە مارک کارنی پارێزگاری بانکی ئینگلتەرە، یەکێک لە ڕۆژنامە نووسەکانی کاروباری ئابووری و دارایی دەڵێت: " سیستەمی بەئامیرکردنمان لەداهاتوودا زۆر ڕۆشنترە لەوەی کە کارڵ مارکس، یان ئەوەی کە مارک کارنی پێشنیاری کردوو وتی: مارکسیزم دەکرێت بۆ جارێکی تر ببێتەوە بە هێزێکی گەورە لە ڕۆژئاوادا، بەم باسەشی جەنجاڵێکی وەهای نایەوە کە؛ تەواوی سەردێڕی ڕۆژنامەکانی ئەم یەک دوو هەفتەی پێشووی بەخۆیەوە خەریک کردبوو لە بەریتانیا.

ئابووریناسی بۆرژوازی " پۆل ئۆرمێرۆد" کە پرۆفیسۆرە لەزانکۆی "یو سی ئێڵ" ی لەندەن بەپێچەوانەی وتەکانی مارک کارنی دەڵێت کە گوایا ئەوە ڕووکەشی مەسەلەکەیە کە بەئامێرکردن ملیۆنەها کارو پیشە لەناوبەرێت، ئەمە تێڕوانینێکی ڕووکەشیانەیە بۆ تێگەیشتن لە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، لەوەها کەش و هەوایەکدا کۆمۆنیزم دەکرێت بژاردەیەکی سیاسی سەرنج ڕاکێش بێت.

ئەم ئابووریناسە دەڵێت کە گویا " کارل مارکس " وەک ئابووری ناسێک باشەی هەیە و خراپەی هەیە، بەشێوەیەکی پارچە پارچە باشە، واتە دەڵێت هەندێک لە کارەکانی مارکس ناکرێت نکووڵی لێبکرێت کە ڕاستە.

پۆل ئۆرمێرد کە ئابووری ناسە و لە ڕۆژنامەی ئابووری و دارایی بەناوی (سیتی ئام دۆت کۆم) کە لە لەندەن دەردەچێت دانی پیا دەنێت کە مارکس یەکەمین ئابووری ناس بووە، کە کەڵەکەبوونی سەرمایەداری دەست نیشانکردوەو بینیویەتی لەوکارگانەدا کە وەک نوێنەری بنیادنانی نوێ و بەردەوامی ئابووری کاپیتالیزم بوون.

ئەو دەڵێت مارکس بوو کە تیۆری "خولی بەرهەمهێنانی " گەشەپێدا و، ناجێگیری لە گەشەی ئابووری دا، کە زۆر زیاتر جێگەی باوەڕ و متمانەیە لە تیۆریەکانی مارکس کە لەسەربنەمای هاوسەنگی ( باڵانس / ئیکولبریەم) کە ئەمڕۆکە زاڵە لە مایکرۆ ئیکۆنۆمیکی (ئابووری ورد)ی ئەکادیمی دا.

ئەم ئابووریناسە خۆشبینە بەداهاتووی کاپیتالیزم کە دەڵێت؛ ئاییندە بەو شێوەیە نییە کە مارکس یا مارک کارنی وەسفی دەکەن، بە تەڵخ و تاریکی داهاتوویان وەسف کردووە. ئەم ڕۆشنفکرە بۆرژواییە کە باس لەسەرمایەداری دەکات بەشێوەیەکی موتڵەق باسی دەکات و دەڵێت، داهاتوو گەشەیە، بەواتایەکی تر داهاتوو یانی سەرمایەداری و سەرمایەداری داهاتووە، بەڵام بە پێچەوانەوە لینین دەڵێت مارکس وەڵامی تەواوی داوەتەوە بەو پرسانەی کە بیر و فیکر و هزری مرۆیی خستوونیەتە ڕوو.

**٢٥ی ئەپریل ی ٢٠١٨**

# فۆبیای سەردەشت... فوبیای ئازادی...

**عەبدوڵا مەحمود**

٥ی ئایار، هەشت ساڵ بەسەر تیرۆری سەردەشت عوسمانی نووسەر و ڕۆژنامەنووسدا دەگوزەرێت. هەشت ساڵ بەسەر پەروەندەیەکی شەرماوەری دەسەڵاتی مافیایی و دژی ئازادییدا تیپەردەبێت... ساڵی پار و لە سەرەوختی یادی سەردەشتدا، دەستێکی چەپەڵی درێژکراوەو گرێدراو بە تیرۆری ئازادییەوە، دەستی برد بۆ شکاندن و شێواندی گڵکۆی سەردەشت و ئەمساڵیش لەسەرەوەختی یادی هەشت ساڵەیدا، ژمارەیەک لە کتێبەکانی لە یەکێک لە بازگەکانی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی و تیکەڵ بە تیرۆر، دەستیان بەسەردا گیراو بەهزاد حسێن، یەکێک لە ئەندامی ستافی ئامادەکاری کتێبەکە کە ئەو کتێبانەی دەگواستەوە بۆ هەولێر دەستگیر کرا...

دەسەڵاتی دژە ئازادی لە کوردستان، سەردەشتی تیرۆر کرد، تا قەڵەمە ئازادو یاخییەکان چاوترسێن و دەستەمۆ بکات. تا نوکی ڕەخنە لەدەسەڵاتی تالانچی و مافیایی و کۆنەپەرستی کوردی کول بکات. تیرۆری سەردەشت، برینێکی قوڵی کردە ناو دڵی خانەوادە و هاوڕێ و خزم و ئازیزانی، بەڵام ئەم ڕەفتارە تیرۆیستییە دژە ئینسانی و ئازادییە، سەردەشتی کردە موڵکی نەتەوەیەک، کردییە ناسنامە و سومبلی ئازادی... ساڵی ٢٠١٧ گڵکۆ و ئارامگەی سەردەشتیان شکاند، تا دوای مەرگیش بوار بۆ ئارامی سەردەشت نەهێڵنەوە و ڕێبوارانی ڕێگای سەردەشت توشی سڵەمینەوە رامان و ترس بکەن... کەچی هەم گڵکۆکەی ڕەنگینتر کراو هەم ڕێبوارانی ئازادی و ئۆردویی ئازادیخوازی نەفرتیان لە دەسەڵاتی زراو تۆقیوو لە سومبلەکانی ئازادی، چووە سەرو نەسڵەمینەوە. ڕێگەیان نەدا پەیکەری سەردەشت لە بەردەم زانکۆدا دابنرێت، کەچی باڵا و سیمای ئازادیخوازی سەردەشت، ئێستا لەبەردەم هەموو زانکۆ و دەنگی ڕاساوی بێبەشاندا، وەک پەیکەرێکی جوڵاوە دەبینرێت... و لەهەموو جێگایەکە کە ئازادی تیایدا ویستی ئینسانە. ئەمساڵیش دەست بەسەر کتێبەکەیدا دەگرن، و بەئاشکرا دەڵێن"**کتێبی سەردەشت عوسمان لە تی ئێن تیو بۆمبو تلیاک مەترسیدارترە"** دیارە بەدەستبەسەراگرتنی کتێبەکانی سەردەشتیش، کتێبەکە و بابەتەکان و نووسەرەکانیشی، وە لەوەش واوەتر سەردەشت مەزنتر دەکەن.

ئەوە کە ئاسایشی پارتی دەڵێت کتێبی سەردەشت لە تی ئین تی و بۆمب و تلیاک مەترسیدارترە... ڕاستیەکی ئاشکرایە. مەترسیدارە، بۆسەر دیکتاتۆریەت و سەرکوت و بۆ دەسەڵات و باندە ئینسان کوژەکان... ئەو دانپیانانەش فۆبیای ترس لە ئازادی و سەردەشت بەیان دەکات.

دەسەڵاتی پارتی کەهەم تۆمەتبارە بە تیرۆری سەردەشت و لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ئەودا بە ئاشکراو ڕۆژی ڕوون ڕفێنراوەو بەچەندین بازگەی چاوتیژی زێرەڤانی و کامیرا ئاقڵەکانیدا، گواستراوەتەوە شارێکی تر، پارتی سیناریۆی ڕێکخەر بوو تا دوای تیرۆری سەردەشتیش، سەردەشت بە هاوکار و دەست تێکەڵاوبوون لەگەڵ تیرۆریستان تۆمەتبار بکات... و هەمیش لە گەمەی دادگایی و بەدواداچوونی لیژنەی موچەخۆردا، شاهیدی ئاشکراو بەڵگەی ڕوون شوێن گوم بکەن و دۆسیەی فریوکارانە بۆ سەردەشت دابتاشن... پاشانیش گڵکۆکەی لە ژێر سایەی دەسەڵاتی پارتیدا بشێونرێت و بشکێنرێت و ئێستاش لە بازگەی ژێر سایەی دەسەڵاتی ئەودا کتێبەکەی دەستی بەسەردا دەگیرێت... ئەوانە هەموو بەڵگەی دوو ڕاستین، یەکەم پارتی بەرپرسیاری یەکەمی دۆسیەی سەرەکی سەردەشتە لە هەرەشەوە بۆ تیرۆر و پاشان تیرۆری مەرگ و دووەمیش، بەیانی ترسی پارتییە لە ئازادی و سەردەشت وەکو ڕەمزی ئازادی لەکوردستاندا...

پارتی و دەسەڵاتی ترساو لە ئازادی سەردەشت و ئازادیخوازان تیرۆ دەکەن، تا ئازادی کەلەپچەو زیندانی بکەن، کەچی باڵای خەبات بۆ ئازادی بڵندتر دەبێت. دۆسیەی ساختە بۆ سەردەشت دادەتاشن، کەچی سەردەشت ڕونتر و ڕۆشنتر وەکو بەرگریکاری ئازادی دەبێتە میدالیای سەرسنگی ئازادیخوازان. گڵکۆی سەدەشت دەشکێنن، کەچی گڵکۆ بەگوڵی دەستی ئازادیخوازان و نەیارانی ستەم و زۆرداری ڕەنگینتر دەکرێت و باڵای کێلەکانی دەبنە چقڵی، چاوی ستەمکارو دەربارەکانی دەسەڵات. ڕێگە لەدانانی پەیکەرەکەی دەگرن، کەچی ئەو نەمرەو پەیکەرەکەی لەهەموو جێگایەکە، کتێبەکانی دەست بەسەردا دەگرن... دڵنیابن، کتێبەکان دەبنە ڕازێنەرەوەی کتێبخانەی ماڵەکان و سەرچاوەیەک بۆ وانەی ئازادی فێربوون.

**بەرزوبەرێز بێت یادی تیکۆشان و یاخی بوونی سەردەشت بۆ ئازادی و دادپەروەری...**

**هاوڕێیانی کرێکار! با بەکۆبوونەوە لەدەوری یەک و پێکهێنانی کۆروکۆمەڵە کرێکارییەکان..**
**تەواوی هەوڵ وتوانامان بخەینەگەر بۆ یەکگرتووکردنی ڕیزی هاوخەباتی و چینایەتیمان..**
**بالەدژی هەژاری و نەداری وبۆباشکردنی ژیانمان بێینەمەیدانەوە!**

# ئەم هەڵبژاردنە بایکۆت و ریسوا بکەن!

## مستەفا باهر



بڕیار وایە ١٢/٥/٢٠١٨ هەڵبژاردن بکرێت بۆ پەڕلەمانی عێراق. لەدوای روخاندنی ڕژێمی بەعس ئەمە چوارهەمین جارە کە ئەم هەڵبژاردنە بەڕێوەدەچێت. پاش نەمانی بەعس و صدام، دەوڵەتی عێراق لەبەریەک هەڵوەشایەوە. سوپای عیراق بە تەواوەتی نەما. ململانێیەکی توند لەبەینی شیعەو سونەدا پەیدابوو. چاودێرە سیاسییەکان چاوەڕوانی ئەوەیان لەعێراقی دوای صدام دەکرد کە دابەش بکرێت بۆ سێ ناوچەی شیعەو سونەو کورد. زۆرێک لە دەوڵەتانی ناوچەکە و جیهان و خودی ئەمریکاش چاوەڕوانییەکی تریان لە حزبە ناسیۆنالیستە کوردەکان هەبوو، بەڵام حزبە ناسیۆنالیستە کوردەکان چونکە هیچ کات بەدوای ئەوەدا نەگەڕاون کە چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ کێشەی کورد بدۆزنەوە، بەڵکو تەنها هەوڵیان ئەوە بووە کە لەدەسەڵاتدا بەشدار بن و لەسەروەت و سامانی عێراقدا بەشیان هەبێت. بۆیە بەرەو بەغداد بەڕێکەتون و لەگەڵ شیعەکان کەوتنەوە دامەزراندن و بنیاتنانەوەی دەوڵەتی عێراق. لەگەڵ شیعەکان دەستورێکیان نووسی و عێراقیان لەسەر ئەساسی تایفی و قەومی دابەشکرد. بەحسابی خۆیان ئەم دەستورە کێشەی کورد چارەسەر دەکات. لەسەر ئەساسی فیدرالیزم، کەوتنە دابەشکردنی پۆستەکان، کۆمەڵێک پۆستیان وەرگرت وەک سەرۆک کۆمار وجێگری سەرۆک وەزیران وجێگری سەرۆکی پەرلەمان و کۆمەڵێک وەزیر لەوانە وەزیری دەروە و وەزیری دارایی هەروەها ٦٨ شەست وهەشت کەس وەک نوێنەر، لە پەرلەمانی عێراقدا بوون بە ئەندام پەڕلەمان. ئەم نوێنەرانەی کورد لە بەغداد جگە لە بەدەستهێنانی کۆمەڵێک دەسکەوتی شەخسی بۆ خۆیان وکەسوکاریان و حزبەکانیان، نەیان توانی هیچ دەسکەوتێک بۆ خەڵکی کوردوستان بەدەست بێنن.. ئەم نوێنەرانەی کورد هەر خەریکی دزی و تاڵانکردن بوون. تا ئەو کاتەی کە شۆفێنیستە عەرەبە شیعەکان هێزیان پەیدا کرد.

مارکس دەڵێت(ئەوەی مێژوو نەخوێنێتەوە، مەحکومە بەدوبارەی). نوێنەرانی حزبە ناسیۆنالیستە کوردەکان یەکەمین جاریان نییە کە توشی هەمان هەڵە دەبنەوە بە درێژایی مێژویان ئەم هەڵەیەیان دوبارە کردوەتەوە، چونکە هەمیشە چاویان لە پارەو پۆست بووە. ئەوەیان بیر چوبوەوە هەرکات دەسەڵاتدارانی عێراق لاواز بوون لەگەڵ حزبە کوردییەکان سازشیان کردوەو هەرکاتیش بەهیز بوون پەلاماری خەڵکی کوردوستانیان داوە. کاتێک حکومەتی تایفی شیعە بەهێز بوو، کەوتە برینی موچەی فەرمانبەرانی خەڵکی کوردوستان، کاتیکیش کە خەلکی کوردوستان لە ڕیفراندۆمیکدا تەنها جوابی پرسیاریکیان دایەوە کە ئایا دەیانەوێت لە عیراقدا بمێننەوە یان جیابنەوە. ئەمەیان کرد بە بیانو پەلاماری خەڵکی کوردوستانیانداو بە زنجیری دەبابەکانیان لاشەی ئەوکەسانەیان دەشێلا کە فریای هەڵهاتن نەکەوتبوون. نەتانتوانی هیج بکەن کە ئەوکاتە بەهێزەوە لە بغداد بوون. سەرۆک کۆمارو، جێگری سەرۆکی پەڕلەمان و، کۆمەڵێک وەزیر ٦٨ شەست وهەشت نوێنەری پەرلەمان کورد بوون. بە بەرچاوی ئەم نوێنەرانەوە، گەڕەکە کورد نیشینەکانی دوزخورماتویان سوتاند نەیان توانی فزەبکەن و بوونە چاودێری سوتماککردن و کوشت و کوشتار. ئێوە بەوهێزەوە کە بوتان نەتان توانی هیج بکەن، ئێستا بەو لاوازییەوە بەتەمای چین. ئێوە خۆتان باش ئەو ڕاستیە دەزانن کە هیچتان پێناکرێت، بەڵام دەتانەوێت خەڵکی کوردوستان چەواشە بکەن. خەڵکی کوردوستان ئەوە باش دەزانن ئەو کارەسات و بەڵاو دەردیسەریانەی کە بەسەریان هاتووە لە ئەنجامی دابەشبوونی عێراقە لە نێوان دەسەڵاتی هێزی مافیاو میلیشیای تائیفی و ئیسلامی و قەومیەکاندا. جا تا چارەنوسی خەڵکی عێراق بەدەست ئەو هێزە کۆنەپەرستانەوە بێت، چاوەڕوانی هیچ ئاسۆیەکی ڕوناک لە عێراق ناکرێت. ئەو پەڕلەمانەی کە ئێوە بانگەشەی بۆ دەکەن بوەتە شوێنی کۆبونەوەو دابەشکردنی سەروەت و سامانی عێراق بەسەر خۆیاندا، پەڕلەمان و حکومەتی عێراق جگە لە نەهامەتی وکارەسات هیچ شتێکیان بەدیاری بۆ خەڵکی کوردوستان وعێراق نەهێناوە. هەربۆیە دەبێت هەوڵ بدرێت بۆ تەفروتوناکردنی حکومەتی عێراق بە پەرلەمان و دام ودەزگاکانیەوە، نەک لەرێگەی دەنگدانەوە شەرعیەتیان پێ بدرێت. خەڵکی کوردوستان نابێت بە درۆ و بانگەشەی ئەو لایەنانە باوەڕ بکەن کە بە ناوی چاکسازییەوە دەستەو گروپی نوێیان دروست کردوە بۆ ئەوەی ببنە نوێنەر لە پەرلەمانەدا. ئەمانیش درێژە بەهەمان سیاسەتی تاڵانکاری و وێرانکاری پارتی و یەکێتی دەدەن. خەڵکی کوردستان و عێراق لە ئایندەیەکی نا ڕۆشندا ڕادەگرن.

تا دەسەڵاتی سیاسی عێراق لەسەر ئەساسی هێزی میلیشیای ئیسلامی سیاسی و شیعەو سونەو عروبەو کوردایەتی و بەرێوەببرێت، پەرلەمان جگە لەشتێکی پوچ و بێماناو گاڵتەجاڕ هیچی تر نییە. دەبێت خەڵکی کوردوستان زۆر هوشیاران، ئەم هەڵبژاردنە بایکۆت بکەن ودەنگ بە هیچ لایەنێک نەدەن، هیچ کەس و لایەنێک نە ئەتوانێ و نە ئیمکانی هەیە نوێنەرایەتی ئێوە بکات لە بەغداد. نەچوون بۆ دەنگدان شێوازێکی نارەزایەتییە و هەوڵێکە بۆ گەڕانەوەی دەورو ئیرادەی خەڵکی کوردستان لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆیاندا. مەچن بۆ دەنگدان، بەدەنگی خۆتان شەرعیەت مەدەن بەو هەڵبژاردنە کە دەتان بەستێتەوە بە دەوڵەتێکی شۆڤێنیستی عەربی قەومی ئیسلامیەوە. وەرن با پێکەوە بەرەی "نا" بۆ هەڵبژاردن نا بۆ دەسەڵاتی ملیشیایی فراوانتر و بەهێزتر بکەین!. وەرن با پەرە بەخۆپێشاندان و نارەزایەتیەکانمان بدەین. بەشێوەی رێکخراو و سەراسەری داوای ماف و ئازادییە و خزمەتگوزارییەکانمان لەدەسەڵاتی تاڵانچی بزوتنەوەی کوردایەتی بکەین و ویستە رەواکانی خۆمانیان بەسەردا بسەپێنین. هاوکات بۆ کۆتاییهینان بەفیدرالیزمی پوچی قەومی هەوڵەکان بۆ لکاندنەوەی کوردستان بەعێڕاقەوە، بەهێنانە مەیدانی هیزو ئیرادەی سەربەخۆی خۆمان، خەباتمان بۆ سەربەخۆیی کوردستان و پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆی سکیولاری نا قەومی درێژە پێ بدەین....

# کۆمۆنە مانای چییە؟

## نووسینی: هەژار عارف

کۆمۆنە (بە زوبانی فەرەنسی :لـکومون (ئەو بزووتنەوە پرۆلیتاریە بوو کە لە ناوەڕاستی مارسەوە هەتا ٢٧ ی مایسی ١٨٧١ ئیدارەی پاریسی کرد لە فەرەنسادا. دوای ئەوەی کۆمیتە شۆڕشگێڕیەکانی کۆمۆنە دەسەڵاتیان تێکوپێک شکاندو ئیدارەیەکی مەدەنیی وەک شارەوانی پاریسیان خستەجێگای، ئیتر تەعبیری کۆمۆنە بەسترا بە شۆڕشی پرۆلیتاریاوە، ئەو شۆڕشەی مەسەلەی کۆتاییهێنانی بە سەروەرێتی مرۆڤ بەسەر مرۆڤدا، خستە ناوناوانەوە. ئەو شۆڕشە کۆمۆنیەیش دەرئەنجامی جەنگی فەرەنسی – بروسی





و دۆڕانی ناپلیونی سێهەم بوو لە جەنگداو هاتنە ناوەوەی سوپای بروسی بۆ نێو پاریس دوای گەمارۆدانی. وە لە سەدەی بیستەمدا، راوێژێکی زۆر دەربارەی ئەو بزووتنەوەیە ڕوویدا لە جیهاندا بەو واتایەی یەکەمین کۆششی شۆڕشگێری بوو بۆ داڕووخاندنی بنکەی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای چینایەتی.

بەڵام کۆمۆنە لەڕوی مێژووییەوە دەربڕی ژیانی بە کۆمەڵە لە کاروباری بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا. لە ئەوروپای لاتینیدا کۆمۆنە دەردەبڕی پچوکترین یەکەیە لە دابەشکردنی ئیداریدا. لە ڕوسیای کۆندا کۆمۆنە وەبەرهێنانی پێکەوەیی جوتیارانە کە لەسەر خاوەندارێتی هاوبەش وەستاوە بە شێوەیەک کە پێداویستی و خزمەتگوزارییەکانی ژیانی تیا فەراهەمە بۆ هەمووان بەشێوەیەکی هاوبەش. لە سەدەکانی ناوەڕاستی شارەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوایشدا، کۆمۆنە شێوەیەک بووە لە شێوەکانی خۆبەڕێوەبردن.

بەم پێیەش کۆمۆنە ئەو کۆمەڵگەیەیە تاک تیایا خۆی لە بارێکی ئینسانی دیاریکراودا دەبینێتەوە کە کۆکردنەوەی سامان ناکاتە ئامانج تیایا، بەڵکو خۆبەرهەمهێنانەوەی زات لە ڕێگای کاری بەکۆمەڵەوە لە پێناوی مسۆگەرکردنی پێداویستییە هاوبەشەکانی هەموو تاکەکانی سەرجەم کۆمەڵگەدا دەکاتە ئامانج. وە هەروەک دەرئەنجامی ئەوەیش، ئەو کۆمەڵگەیە، هیچ پێویستیەکی دەسەڵاتی دەوڵەت نادۆزێتەوە،

ئەو دەسەڵاتە سیاسیەی کە ئەندامەکانی لە هیچ شتێکدا هاوبەش نین لەگەڵ زۆرینەی کۆمەڵگەدا لە زماندا نەبێت.

بۆپێشەوە FORWARD



# د. بەرهەم ساڵح لە لوتکەی دەسەڵات و گەندەڵیەوە بۆ بانگەشەی دادپەروەری و دیموکراسی

**نووسینی: عەبدوڵا مەحمود**

لەدرێژەی لێکترازان و هەڵوەرینی رۆژ بەرۆژی یەکیتی نیشتیمانیدا، بەم دوایانە بەرهەم ساڵح وەکو یەکێک لە جێگرانی سکرتێری گشتی یەکێتی، لەگەڵ ژمارەیەک لە کادران و لایەنگرانی ئەو حزبە لە یەکیتی نیشتیمانی هاتە دەرەوە و قەوارەیەکی سیاسی نوێیان بەناوی "هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی دادپەروەری راگەیاند".

هاتنەدەرەوەی بەرهەم ساڵح و هەڵوەرین و لێکترازانی یەکێتی تا رادەی جیابوونەوەی باڵ و لاباڵی تر لە داهاتوودا... لە دۆخی یەکێتی نیشتیمانیدا، چاوەروانکراوە... یەکێتی نیشتیمانی بەدوای نەخۆش کەوتنی تاڵەبانیەوە تا ئێستا، حزبێکی بێ رابەرە، هاوکات حزبێکە دەمێکە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ پارتی و حزبەکانی تردا نەماوە، وە خاوەنی هیچ سیاسەت و ئەجندایەکی سەربەخۆیی سیاسی نییە و بۆتە حزبی پاشکۆی پارتی و ڕووداوەکان... ئەوەی ئێستا یەکێتی دەچەرخێنێ سیاسەتێکی دیاریکراو و نەخشەو پرۆژەیەک نییە... روداوەکانن یان سیاسەت و نەخشەی پارتییە کە یەکێتی پەلکێشی دوای خۆیان دەکەن... بەدوای مەرگی تاڵەبانیشدا دۆخی یەکێتی بەرەو خراپتر بوون چووەو میراتگرانی تاڵەبانی لەجەنگی یەکتریدا، بێ تاڵەبانی و بێ بەدیلی تاڵەبانی، پابەندی هیچ پرانسیپێکی حزبی یان ئەتەکێتێکی رەوشتی سیاسی تەندروست نابن... ئەم هەلومەرجە زەمینەکانی داروخانی یەکێتی چ لە ناوخۆی و چ لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا، سازکردووە...

بەرهەم ساڵح لە غیابی تاڵەبانی و لەهەلومەرجی نەخوازاوی یەکێتی و لە جەنگی نێوان باڵ و لاباڵەکانی یەکێتیدا، بەتایبەتیش کە ئەو خاوەنی هیچ هێزێکی چەکداری نەبوو، دەبووە قوربانییەکی فەرامۆش کراو... بەرهەم ساڵح بەناچاری بۆ بەرگرتن بەوەی ببێتە قوربانیەک لەنێوان ئەم کێبەرکێ ناوخۆییەی یەکێتی، لە یەکێتی هاتە دەرەوە، بەڵام هاتنە دەرەوەی د، بەرهەم لە یەکێتی هەر بەو هۆیەوە نەبوو کە ئەو بەبێ پشتیوانی هێزێکی میلیشیایی نەیدەتوانی ببێتە قوتبی ململانێ لەناوخۆی یەکێتیدا، بەڵکو ئاسۆیەکیش بۆ دەرچوونی یەکێتی لەو ئەزمەیەی یەخەگیری بووە، لە ئارادا نەبوو. بەرهەم ساڵح بە مەبەستی بردنی ئۆردو و تواناو نیگەرانییەکان لەگەڵ خۆی لەناو یەکێتی و ئەو بۆشایەیە سیاسیەی لە زۆنی سەوزدا هەیە، ماڵی خۆی لە یەکێتی جیاکردەوە.

بەرهەم ساڵح هەم ئاگاداری هەلومەرجی رێکخراوەیی یەکێتی و نیگەرانی جەماوەرەکەی بوو، هەمیش بۆشایی سیاسی لە زۆنی سەوزدا، راستیەکی سادەبوو... بۆیە بەرهەم ساڵح بەخوێندنەوەی بۆ دۆخی زۆنی سەوزو هاوکات پاشەکشەو رەوینەوەی خۆشباوەییەکی زۆر بە بزوتنەوەی گۆڕان، و پاشانیش مەرگی نەوشیروان مستەفا، ئەو هۆکارانەن کە ئەو دەیەوێت کەڵکیان لێوەربگرێت... زۆنی سەوز هەم لە بۆشایی سیاسی و هەم لێوان لێو لە تورەیی و نارەزایەتی و هاوکاتیش بێ رابەری جێکەوتوو خاوەن کاریزما ماوەتەوە... بۆیە ئەم دۆخە باشترین ژینگەیە بۆئەوەی حزبێک یان رەوتێک ئەسپی خۆی تیادا تاو بدات... بەرهەم ساڵح بە بەجیابوونەوەی لە یەکێتی و کۆکردنەوەی نارازییەکانی ناو یەکێتی و حزبەکانی تر و پاشانیش قەوارەدان بە کیانێکی سیاسی، دەیەوێت ئەم ژینگەیەو ئەو هێزە زۆر و زەوەندە نیگەران و پەش و بڵاو و تۆراوەی یەکێتی و حزبەکانی تر بخاتە خزمەت خۆیەوە... تا ئێرە وادەردەکەوێت بەرهەم ساڵح یارییەکی مۆفەق ئامیزی کردووە، بەتایبەتیش کە شێوازی جیابوونەوەکەی لە یەکێتی بە جۆرێک بوو، لە جیاتی ئینشیقاق" جیابوونەوە" ناوی نا هاتنە دەرەوە، بەم هەنگاوەش خۆی لە تورەیی و غەزبی خێرای یەکێتی دورخستەوە...

کێشەی سەرەکی لێرەوە دەست پێدەکات کاتێک قەوارەکەی رادەگەیەنێت و هەڤاڵ دەکات بە هاودید... پێش وەختە رەوت و قەوارەکەی دەخاتە بەردەم کارەسات و ئەو کاتەش بەیانی سیاسەت و نەخشەو ئەجندای سیاسی دەکات، و ناسنامەی قەوارەکەی رادەگەیەنێت، ئەو راستیە نیشان دەدات کە ئەم قەوارەیە، تەنها دەتوانێ باڵێکی یەکێتی بێت، لە دەرەوەی یەکێتی، بێ ئەوەی جیاوازییەکی هەبێت لەگەڵ ئەو یەکێتیەی لێی جیابۆتەوە...

بەرهەم ساڵح نە مۆدیلێکی نوێی رێکخراوەیی حزبی و نە پرۆژەیەکی جیاوازی سیاسی تازە، دەخاتە روو. ئەوەش دەکاتە ئەوەی یەکێتیەکی بچوکی نوێ لە دەرەوەی یەکێتی، قوت بکاتەوە...

بەرهەم ساڵح و قەوارەکەی دیدیان بۆ پەیوەندی هەرێم و عێراق، بۆ ئایندەی سیاسی کوردستان، بۆ دین و پەیوەندی بە سیاسەت و یاساو پەروەردەو فێرکردنەوە، بۆ مافە و مەدەنییەکان، وە لەپەیوەند بە ئازادییەکان و مافی هاوڵاتی و تاکەوە... هەڵگری هەمان بۆچوون و دیدی یەکێتی و حزبە سیاسییە ئیسلامیەکانە کە لەکوردستان هەن و پێشتر کارنامەو پەیامیان لەئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا لە محەک دراوە.

د. بەرهەم دووخول سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دووخول جێگری سەرۆکی حکومەتی عێراق و ماوەیەکی زۆر جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بووە... واتە بەهەموو پێوانەیەک د. بەرهەم لە هەرەمی دەسەڵاتی حکومی و حزبیدا بووە...

لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی حکومەتی هەرێمی سەردەمی دکتۆردا، باڵای دزی و گەندەڵی و سیستیماتیک و نادادپەروەری بەو پەڕێ خۆی گەیشتووە، یەکەمین چەخماغەی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری فراوان لە زۆنی سەوزدا بەدژی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی، ١٧ شوبات لە دژی دەسەڵاتی گەندەڵ و دزی حکومەتی هەرێم لە کاتی د. بەرهەم بووە، زۆرترین سەرکوت و لەخوێن هەڵکێشانی خۆپیشاندەران کە داوای نان و ئازادی و دادپەروەری و شکۆی ئینسانی و دژی گەندەڵی بوون لە ژێر سایەی لوتکەی دەسەڵاتی د، بەرهەم دا رویداوە، و تا ئێستاش بکوژانی ئەم تاوانکارییە، بە سزای یاسایی نەگەیشتوون. کەواتە سەردەمی دزی و گەندەڵی و نادپەروەری و سەرکوت و دژی ئازادی، لەسەردەمی دکتۆر بەرهەمدا، لەلوتکەدا بوو... ئێستا د. بەرهەم بانگەشەی وەستانەوە بەدژی گەندەڵی و تیکۆشان بۆ دادپەروەری و دیموکراسی دەکات... چ ریاکارییەکی ئاشکرای ناوازەی مێژووی هاوچەرخی کاراکتەرە سیاسیەکانی بزوتنەوەی کوردایەتییە؟

دەبێ بپرسین، کێ رێگر بووە لەوەی د.بەرهەم لە لوتکەی دەسەڵاتی خۆیدا، نموونەیەکی باشی دەسەڵاتدارێتی نیشان بدات؟ کێ رێگربووە لەوەی کایەی دیموکراسی فراوان بکرێتەوە و ماف و ئازادییەکان بە فەرمی بناسن؟ کێ دەستی گرت گەندەڵکاران و دزان، توشی لێپێچینەوەی یاسایی ببن، یاسا بۆ هەمووان یەک بوردی هەبێت؟ کێ رێگر بوو خزمەتگوازییە زۆر سەرەتاییەکان فەراهەم بکەن؟ کێ رێگربوو لەوەی دیواری!! دیگەڵەی زۆنی سەوزو زەرد، برمێنرێت؟ کێ دەستی گرتن و سیستەمی خوێندن و پەوەردە، سەردەمی بکەن؟ تەنانەت ئەگەر رێگری هەبووە لەوەی لە زۆنی زەردی ژێر قەڵەمرەوی پارتییدا، کارەکانتان و پرۆژەکانتان و دیموکراسی و دادپەروەریەکەتان بخەنە بواری جێبەجێکرنەوە، کێ رێگر بوو لە زۆنی سەوزدا، وەکو کەسێک لە هەرەمی دەسەڵاتی حزب و حکومیدا، خزمەت بە شاری سلێمانی و زۆنی سەوز بکەن، گەندەڵی و دزی نەهێڵن یان کەمی بکەنەوە و کار بۆ دادپەروەری بکەن و دادگا ویاسا لەدژی دزان و گەندەڵکاران بجوڵێنن؟ دیموکراسی و ئازادی و رێزی لێبگیریت و لانی کەمی دادپەروەری، هەنگاوی بۆ بنرێت؟ لەسەردەمی د. بەرهەمی ئێستای بانگەشە چی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری... رەشترین دەسەڵاتی سەرکوت و کوشتار و بێمافی و بێ خزمەتگوزاری و بێدادترین سیستەمی ئابوری و نادادپەروەری بوونە سیمای کۆمەڵگەی کوردستان بەگشتی و زۆنی سەوز بە تایبەتی... ژمارەی ملیۆنێر و ملیۆنێرەکان، لە زۆنی سەوزدا بوون بە سەدان و بەدەیان... سەدان ملیۆنێر و دەیان ملیاردێر و لەسەردەمی مامۆستای دادپەرەوەی بۆ هاودید و هاوڵاتیانی کوردستان، قوت بوونەوە، کە لە بەرامبەردا ئۆردوی هەژاران و بێکاران و نەداران، بەوپەری خۆی گەیشتووە.

د. بەهەم... زاکیرەی تێک نەچووە، بەڵام زاکیرەی هاوڵاتیان بە ئیفلیج تەماشا دەکات... ئەگەر نا هەموو کەس دەزانێت، دکتۆر بەرهەم کە ئێستا فرمێسک بۆ دیموکراسی و دادپەروەری و دەسەڵاتدارێتی باش و خزمەتکاری خەڵک هەڵدەرێژێت... پێچەوانەی ئەوەی لە لوتکەی دەسەڵاتدارێتی حزبی و حکومی خۆیدا، بە کردەوە نیشان داوە...

چەمکی دادپەروەری و سەبارەت بە دیموکراسی کە بنەمای سەرەکی بانگەشەکانیەتی، وەکو لەچەند دیمانەیەکدا، خستیە روو دادپەروەریی و دیموکراسی!! ئیسلامییە... دادپەروەرییەکە، لەسەر بنەمای" لان شکرتم و لازدنکم"ە.... بە هەژاران و بێبەشان دەڵێی رازی بن و کونجی قەناعەت بگرن... چەند شوکرانە بژێر بێن بۆتان زیاد دەکەین!!... دیموکراسیەکەشی ئەوەیە" ومن لم یحکم بما انزل الله فاولئک هم الفاسقون" لەسەر پرسی ژنیش دەڵێ" الرجل قوامون علی النساء بما فضل الله بعضهم علی بعض..." و " الدنیا "متاع و خیر متاع الدنیا المرأة الصالحة...

سالح، چ بانگەشەی بەڵی بەرهەم دیموکراسیەکەی و چ دادپەوەرییەکەی... سەرچاوەگەرتووی شەرع" قورعان و حەدیس"ە... چەندین ساڵ ژیانی لە دەرەوەی وڵات و لانکەی دیموکراسی!! تەنها هێندە حاڵی بووە، بۆ هێنانی دەنگ و بوون بە هێز دەستەو دامێنی کۆنەپەرستی دینی و بانگەشەی ئەوە بێت بڵێت دادپەروەری لە ئیسلامدا هەیە!!! لە جیاتی ئەوەی پێداگری لەسەر مافی هاوڵاتی بوون ئازادی و یەکسانی یاسایی ژن و پیاو و ئەو دیموکراسییە بکات، کە بینیویەتی و باشیش دەزانێت... چۆنە. ئەوەی کە وای کردووە بەرهەم ساڵح و هاودیدەکانی ئامێز بۆ ئیسلام و کۆنەپەرستی دینی و شکۆ بەخشێن بە مەلای بەلاشخۆرەوە بکەن، هاودیدیانە لەگەڵ خێڵێ بزوتنەوەی بۆرژوا ناسیونالیستی و کورد و رەوت گەلی ئیسلامی... رەوت و قەوارەکەی بەرهەم ساڵح لەناوخۆیاندا هاودیدن بۆ هاودیدیان لەگەڵ ئەو حزبە قەومی و دینیایەنەی لە کوردستان هەن، نەک هاودیدیان بۆ جیاوازی بەخشین و نیشاندان بەو حزب و لایەنە سیاسیانەی کۆمەڵگەی کوردستانیان، دەیان ساڵ بەرەو دواوە بردۆتەوە...

بەرهەم ساڵح، لە هەمان قوماشی قەوارەکەی یەکێتی و پارتی و ئیسلامیە داعشیەکانی کوردستانەو هیچ جیاوازییەکی لەسەر هیچ پرسێکی سەرەکی لەگەڵیاندا نییە... بەرهەم ساڵح وەکو کاراکتەرێک کە لە ترۆپکی دەسەڵاتی گەندەڵ و دزی بزوتنەوەی کوردایەتی بوو لە حزب و حکومەتدا، نابێ رێگەی پێبدرێت بە فریوکاریی درۆینەوە، پارێزگاری هەمان سیستەم و دەسەڵاتدارێتی سوک بوو ریسوای کوردایەتی، لە بەرگێکی تردا بکات...

و کۆمۆنیست و ئەرکی بەرەی چەپ ئازادیخوازە کە ماهیەتی ئەو رەوتە نیشانی کۆمەڵگەو رای گشتی بدەن و هاوکات هەوڵیان بخەنە گەر بۆ ئامادەکردنی ئەڵتەرناتیفێکی پێشرەو شۆرشگێرانەوە ئازادی بەخشی رێکخراو بۆ رزگارکردنی کۆمەڵگە لەدەست بزوتنەوەی بۆرژوازی کورد و ئەو کۆمەڵە حزب و رێکخراوەی سیاسییەی نوێنەرایەتی چینی بۆرژوازی کورد دەکەن..

# شەڕی دەستورو مافە دەستورییەکان قسەیەکی فریوکارانەیە

**نووسینی: ڕۆژ عەزیز**



لەپروپاگەندەی ئەم جارەی حیزب و بزوتنەوەو قەوارە سیاسییەکان بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەم جارە لەکوردستان زۆرترین ریاکاری تێدایە بۆ فریودانی خەڵک، ئەمەش تەنها بۆ ئەوەیە ئەمانە لە حکومەتی مەرکەزیدا شتێک لە بەشە دەسەلاٹ پارە بەدەست بهێنن و زۆربەشیان دەڵێن با یەکگرتوویی هێزە سیاسیەکانی کورد لە بەغداد بپارێزین بۆ ئەوەی مافەکانی کورد بەدەست بهێنین لە دەستوردا. سەیر بکەن بەچ جۆرێک حیزبە ناسیونالیست وئیسلامیەکانی کورد ئیحساساتی قەومی خەڵک دەجولێنن بۆ پەلکێشکردنی خەڵکی کوردستان بۆ هەڵبژاردنێکی دیکەی گاڵتەجارانە. بۆ مەگەر ٢٧ساڵ نییە لەکوردستانی عێراقدا دەسەلاتی خۆماڵی بوونی هەیەو بێجگە لە تالانکاری بردنی قوتی خەڵکی هیچی دیکەی بۆ خەڵک بەدیاری هێناوە؟ .

دەڵێن دەچین لەبەغداد شەڕی دەستوری و شەڕی مافە دەستوریەکانی خەڵکی کوردستان دەکەین، ئەمە قسەیەکی پوچ نییە؟ بۆ قوتی خەڵکی کوردستان ٢٧ساڵە دەسەلاتی کوردی نەبردوە؟ بۆ لەکوردستان عەبادی حوکمی کردوە یان دەسەلاتی کوردی؟ ئاخر مەهزەلەیە شەڕی دەستوری ومافە دەستوریەکان، جارێ با ئەمانە داهاتی خەڵکی کوردستان بدەنەوە ئەوسا ریاکارانە باسی مافی دەستوری خەڵکی کوردستان بکەن لە بەغداد. باسی مافی دەستوری دەکەن گوایە لە بەغداد بۆ خەڵکی کوردستانی دەگێرنەوە، بۆ لەکوردستان دەسەلاتی خۆتان وحیزب و بزوتنەوە گوێ لەمشتەکانی ئێوە مافی خەڵکتان داوەتە دانیشتوانەکەی؟ دەسەلاتی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی لە کوردستانی عێراقدا مافە دەستوریەکانی خۆشیان پێشێل کردوە کە دەستکردی خۆیان بووە بۆ خەڵک وجێبەجێی ناکەن، کەچی بەم قسە پوچانە خەریکن خەڵک فریو دەدەن کە دەچنەوە بەغداد لەوێ شەڕی مافە دەستوریەکان دەکەن پەرلەمانێک کە هیچ حساب بۆ کەمینە ناکات و گوێی لێ ناگرێت.

لەکاتێکدا کاندیدەکان و حیزبەکانی کوردستان بزوتنەوە سیاسییەکان باس لەوە دەکەن شەڕی دەستورو قوتی خەڵک دەکەن و دەڵێن تا دوا دڵۆپی خوێنمان شەڕی ئێوە دەکەین. دەکرێت بڵێین شەڕی ئێوە چیە لە پەرلەمان بۆ مافە دەستورییەکانی خەڵکی کوردستان؟ بەس ئەوەیە هەڵدەستنە سەرپێ و دوو قسە دەکەن و دادەنیشنەوە پرتە و بۆڵەتان دێت لەبەرامبەر بڕیارەکانی پەرلەمانی عێراق، ئیشی ئێوەو شەڕی ئێوە ئەوەیە تا ٤ساڵ درێژە بەم قسانە دەدەن وخۆتان و حیزبەکانتان گیرفان پڕدەکەن و کە خولی ٤ساڵیش تەواو بوو ئیتر دەیکەنە منەت بەسەر خەڵکەوە دەڵێن چوار ساڵ شەڕی دەستورو مافە دەستورییەکانی خەڵکی کوردستانمان کرد ئیتر بەداخەوە حکومەتی عێراق جێبەجێی نەکرد.

حکومەتێکی تائیفی قەومی مەزهەبی هیچ کات ناتوانێت مافی یەکسانی هاوڵاتیان لەبەرامبەر بەیاسادا بە فەرمی بناسێت و هاوڵاتیان لە دادپەروەری بەهرەمەند بن. چونکە خودی حکومەت و پەرلەمانەکە قەومی و مەزهەبی تائیفیە بۆیە هیچ شتێکی باشی لێ چاوەڕێ ناکرێت، بێجگە لە بەڵاو موسیبەتی زیاتر بۆ خەڵکەکەی. حکومەتی عەبادی بەزەبری چەک وسوپاکەی خەڵکی کوردستانی بێدەنگ کرد تەنها لەسەر ئەوەی لەسەر کاغەز دەنگیانداو نەیانویست بچنە نێو حکومەتێکی قەومی مەزهەبی و تائیفیەوە، ویستیان بەئازادانە بژین، کەچی ئەو حکومەتەی ئەمڕۆ ناسیونالیستەکانی کورد دەچنەوە باوەشی هەر دوێنێ لەسەر ریفراندۆم پەلاماری خەڵکی کەرکوک و دوزخورماتووی داو خەڵکەکەیان بێدەنگ کرد.

کەچی ناسیونالیستەکانی کورد ئەمەیان بیرچوو ئەمرۆ بەنیازن بچن لەگەڵ ئەو حکومەتە درێژە بە بەهێز کردنەوەی ئەو حکومەتە بدەن تا سبەینێ جارێکی دیکە بەبیانوی دیکەوە سەرکوتی خەڵکی کوردستان بکات کە دەسەلاتی خۆشیانی خستوتە مەترسیەوە، حکومەتێک ئەمە کارو کردەوەی بێت داخۆ لە پەرلەمانی حکومەتی تائیفی قەومی مەزهەبیدا دەتوانێت مافە دەستورییەکان وەربگرێتەوە لەرێگەی پەرلەمان و دەستورە تایفی و قەومییە کۆنەپەرستانەکەیان؟ دەکرێت بپرسین داخۆ لە پەرلەمان بڕیارەکان بە پێوەری زۆرینەو کەمینە نییە؟ ئەی حکومەتێکی قەومی و مەزهەبی تائیفی هیچ کات پشتیوانی لە داواکاری پەرلەمانتارانی!! کورد دەکات؟ بەبروای من نەخێر، چونکە عەقڵیەتی حکومەتی قەومی و مەزهەبی تائیفی هەرگیز لەگەڵ خەڵکی کوردستان مافەکانی نین بۆیە شەڕی دەستوری تەنها قسەیەکی پوچ وبێ بنەمای ئەمانەیە بۆ گەیشتن بەدەسەلاتی زیاتر وشەریک بوون لەو حکومەتەدا، لکاندنەوەی کوردستان و بەستنەوەی ماف وخواستەکانی خەڵکی کوردستان بەغدادەوە شان خاڵی کردنەوەی سەرانی کوردە لە حوکمڕانی خۆماڵی خۆیاندا کە بەهۆی تالانکاریانەوە شکستیان خواردوە و هەموو رۆژە خەڵک لێیان نارازیە بۆیە بەم جۆرە دەیانەوێت نارەزایەتیەکان لەکۆڵ خۆیان بکەنەوە، و هەمووی بخەنە ئەستۆی حکومەتی مەرکەزیەوە. دەسەلاتی کوردی ٢٧ساڵە سەروەت وسامانی کۆمەڵگە بۆ خۆیان بەتالان دەبەن بەلام بۆ شاردنەوەی تالانکاریەکەیان ئەمرۆ دەچنەوە بەغدادو دەڵێن شەڕی مافە دەستوری بودجە دەکەین، لەکاتێکدا خۆیان ٢٧ساڵە داهاتی باشیان لەژێر دەستەو بۆخۆیانی دەبەن نایدەنە خەڵکی کوردستان کەچی دەڵێن شەری بودجە دەکەین.

ئەی دەپرسین لەکوردستان کێ شەری بودجەو داهاتان لەگەڵ دەکات، مەگەر خەڵکی کوردستان نییە؟ کە ئێوە قوتی ئەوانتان بۆ خۆتان بردوە؟ سەیر بکەن کۆمەڵێک بزوتنەوەی نوێ دروست بوون وەک نەوەی نوێ و لیستی هاوپەیمانی کە بزوتنەوەکەی بەرهەم سالحیشی تێدایە کە چۆن فریوکارانە پروپاگەندە دەکەن کە گوایە شەڕی دەستورو مافە دەستوریەکان دەکەن دەسەلاتی کوردیش دەگۆڕن، ئەمە لەکاتێکدایە شاسوار عەبدولواحید خودی خۆی سەروەت و سامانەکەی لەسەر گیرفانی خەڵک کۆکردۆتەوە وژیان گوزەرانی کارمەندەکانی کەناڵی ئێن ئار تی باش نەکردوە، کەچی باس لەباشکردنی ژیانی خەڵک دەکات وئەمرۆ هاتوتە ساحەکەوە قسەی بریقەدارانە دەکات، عەقڵیەتێکی سەرمایەداری هەیە تا لەسەر ژیانی خەڵک زیاتر خۆی دەوڵەمەندتر بکات.

شاسوار عەبدولواحیدو بزوتنەوەکەی زۆرتر لایەنگری عەبادین دەیانەوێت کوردستان پەلکێشی مەرکەز بکەنەوە ئەمە لە سەرەتاوە دژایەتی خۆی راگەیاند لەدژی بەڵێ بۆ ریفراندۆم و لەبەرەی دژە ریفراندۆم بوو بێ ئەوەی ئەنتەرناتیفی هەبێت بۆ خەڵکی کوردستان لەجیاتی ریفراندۆم سەربەخۆی. هەرچی لیستی هاوپەیمانی وقەوارەی دیموکراسی و دادپەروەریە کە بەرهەم ساڵح رابەرایەتی ئەمانەش خوازیارن بچنەوە باوەشی عەبادی دژی ریفراندۆم بوون وەک ئەوەی لە بەغداد زۆر مافەکانی خەڵکی کوردستان بەدی بهێنن. ئەمانە زۆرتر لایەنگری عەبادین و پێگەی ئەو بەهێز دەکەن تا لەو دەسەلاتەی خۆی شەریکیان بکات، سەرمایەکەشیان نەکەوێتە مەترسیەوە.

بورجوازی باش دەزانێت بەهەڵبژاردن و سیستەمی پەرلەمانی ناروخێت ئەگینا هەرگیز پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجام نەدەدا، عەبادی حوکمەتەکەشی دەزانن بە شەریک بوونی پەرلەمانتارانی کورد حکومەتەکەی بەهێزتر دەبێت بۆیە دەیەوێت ئەوانیش بەشدار بکات ئیتر مەعلومە لەهەڵبژاردندا، ئەمرۆ پرۆسەی هەڵبژاردن بەقازانجی ناسیونالیزمی کوردو هێزەکانی دیکەیە، ئەوەی زەرەرمەندی یەکەمە خەڵکی عێراق وبە گشتی کوردستانە ئەگینا ماف ئازادی موچەو خزمەتگوزاریەکانی لە کوردستاندا لەئەستۆی دەسەلاتی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردیە، نەک عەبادی یاخود نەک مەرکەز، ئەمانە دیانەوێت بە پەلکێشکردنەوەی خەڵکی کوردستان بۆ بەغداد شانی خۆیان خاڵی بکەنەوە و نارەزایەتیەکان کپ بکەنەوە خۆشیان بە بیانوی ئەوە عەبادی یاخو مەرکەز موچە نانێرێت، خەڵک فریو بدەن و خۆشیان هەر گیرفان پڕ بدەن .

خەڵکی کوردستان نابێت لەوەها هەڵبژاردنێکدا بەشدار بن، کە بێجگە لەفریوکاری هیچی دیکە نییە هیچ لە ژیان و گوزەرانیان ناگۆرێت ئەگەرچی پێگەی کاندیدەکانی کورد لەبەغداد زیادیش بێت، یەک ریزی ماڵی کوردو هێزە سیاسیەکان مسقالە زەرەیەک پەیوەندی نییە بەژیانی خەڵکەوە، یەک ریزی ئەمانە بۆ خۆیان گرنگەو زیاتر دەتوانن داوای بەشە داهات وبەشە دەسەلاتی خۆیان بکەن لە حکومەتی مەرکەزی. هاتوهاواری هەڵبژاردن پەلکێش کردنەوەی کوردستان بە مەرکەزەوە کارو کردەوەی سەرانی کوردە بەتایبەتیش لەم ساتەوەختەدا نەوەی نوێ و بزوتنەوەی گۆران قەوارە سیاسیەکەی بەرهەم ساڵح زیاتر خۆشخەیاڵن بە پروپاگەندەی هەڵبژاردن وە زۆرتر پروپاگەندەکانیان لەدژی ریفراندۆم و ئەوانەیە کە دەنگیان بە ریفراندۆم دا، وەک ئەوەی خۆیان بە نەتیجەی ریفراندۆم سەرکەوتووبوبن دەڵێن لەو کاتەدا ریفراندۆم کاتی نەبوو یان دەڵێن ریفراندۆم هەڵە بوو لەکاتێکدا سەرکردەی بزوتنەوەی گۆران دەنگی بە بەڵێ دا بۆ سەربەخۆیی کەچی یوسف محمدی بزوتنەوەی گۆران و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەڵێت دەبێت ئەنجامدەرانی ریفراندۆم دادگایی بکرێن وەک ئەوەی ریفراندۆم تاوانی گەورە بێت.

دەبێت هەموومان ئەو راستیە بزانین کە بزوتنەوەی گۆران یوسف محمد بۆچی لەم کاتەدا دەستی بردوە بۆ پروپاگەندەیەکی ئاوا،

بۆ لاپەرە ١١



# سکتاریزم لە یەکی ئایاری 2018 دا

نادر عبدالحمید

## پێشەکی

بۆ ئامادەکاریەکانی یادکردنەوەی ڕۆژی یەکی ئایار، کۆبونەوەیەک لە شاری سلێمانی و لە ناوەڕاستی مانگی ئەپریلی 2018دا، ئەنجامدرا و تیایدا (کۆمیتەی یەکی ئایار) پێکهێنرا. ئەمەش دوای ئەوە هات کە لەسەرەتای ئەپریلدا، (نەوزاد بابان) هەڵسوڕاوی کرێکاری ڕادیکاڵ و سۆشیالیست، و یەکێک لە دامەزرێنەرانی (ڕێکخراوی سەربەخۆی کارەبا) نامەی نووسی بۆ کۆمەڵێک لە هەڵسوڕاوانی کرێکاری تا کۆبونەوەیەک ئەنجام بدەن.

لەو کۆبونەوەیەدا هەڵسوراوانی بزوتنەوەی کرێکاری و هەڵسوڕاوانی ڕێکخراوە سەربەخۆکانی (کارەبا و خەستەخانەکان و بیناسازی) و هەروەها هەڵسوڕاوانێک لە سەید سایەق و دەڤەری پشدەر و بیتوێن بەشداریان تێدا کردبوو، پاشانیش دوای سەردانی هاوڕێیان (عومەر چاوشین) و (نەوزاد بابان) بۆ شاری هەولێر، هەڵسوڕاوانێکی ئەو شارەش هاتنە ناو کۆمیتەکەوە، ئەمە جگە لەوەی کە چەند هەڵسوڕاوێکیش لە کفری و کەلار لە پەیوەندیدان بەو (کۆمیتەی یەکی ئایار)ەوە. وە کۆمیتەکەش بەرنامەی هەیە کە سەردانی زوربەی شار و شارۆچکەکان بکات تا ئەو یادە بەجۆرێک لە جۆرەکان تیایاندا بکرێتەوە.

ئەم هەوڵ و کۆششانە لەو پێناوەدایە کە بتوانرێت لە زوربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستانی عێراقدا، لەژێر ئیتۆریتەی یەک ناوی هاوبەشدا، وەک سمبولێک بۆ پاراستنی یەکیەتی و یەکڕیزی بزوتنەوەی کرێکاری، یادکردنەوەکە و مەراسیم بکرێت.

ئەڵبەتە بە پشتی ئەم هەڵسوڕاوانە و ئەم چالاکیەوە بۆ یەکی ئایار، حزب و ڕێکخراوە سیاسی و ڕەوتەکانی چەپ و کۆمۆنیزمی کوردستان وەستاون (لەوانە: یەکیەتی کۆمۆنیستەکان، حکک کوردستان. ناوەندی خەبات، بەرەنگاری و ...)، هەروەها بەشێوەیەک لە شێوەکان لە هەولێر (حشک) و (زەحمەتکێشان)یش بەپشتی ئەو چالاکیانەوەن. ئەمە جگە لەوەی کە هاوڕێیانێکی هەڵسوڕاوی بزوتنەوەی کرێکاری سەر بە (حشک) لە سلێمانی بە سفەتی شەخسی خۆیان لە ناو (کۆمیتەی یەکی ئایار) دان.

لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم حزب و گروپ و ڕەوتە سیاسیانە بە پشت ئەم کۆمیتەیە و ئەم چالاکیانەی یەکی ئایارەوەن، بەڵام (کۆمیتەی یەکی ئایار) لە کۆبونەوەی ئەوان و ڕێکەوتنامەیەکی نێوانیان پێک نەهاتووە، بەڵکو لەڕووی واقعی و مێژووییەوە، وەکو لەسەرەوە ئاماژەم پێداوە، ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی پەیوەندی هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی کرێکاریەوە پێکهاتووە، و ئەم حزب و ڕێکخراوانەش (بەهەر مەبەستێکەوە کە خۆیان هەیان بێت) چونەتە پشتیان. جگەلەمەش (کۆمەڵە-ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران) ئامادەیی خۆی نیشانداوە بۆ بەشداریکردن لە کار و چالاکیەکانی یەکی ئایار لەڕێگەی ئەو کۆمیتەیەوە.

خستنەڕووی ئەو ڕاستیە کە ئەمە خودی هەڵسوڕاوانی عەمەلی و مەیدانی بزوتنەوەی کرێکاری و هەڵسوڕاوانی ڕێکخراوە سەربەخۆکان بوون کە ئەم (کۆمیتەی یەکی ئایار)ەیان دروست کردوە، (کە وەکو شەخس ناسراون و لە لاپەڕەی فەیسبوکی کۆمیتەکەشدا وێنەی کۆبونەوەکانیان دانراوە)، بۆ ئەوە نییە کە بڵێین ئەگەر حزب و گروپ و لایەنە چەپ و کۆمۆنیستەکان کۆمیتەیەک بۆیەکی ئایار پێکبهێنن شتێکی خراپە، بەڵکو مەبەستمان لە ئاماژە بەو فاکتە، کە ئەوە خودی هەڵسوڕاوانی کرێکارین ئەو کۆمیتەیان پێکهێناوە و ئەو چالاکیانە بەڕێدەخەن، بۆ ئەوەیە تا پڕوپاگەندەی ئەوانە ڕەت بکەینەوە، کە دەڵێن ئەم حزب و گروپ و لایەنە سیاسیانەی سەرەوە، هەڵساون بە دروستکردنی ئەم کۆمیتەیە، تا پشتیوانی بروبیانویەک دابتاشن بۆ بەشدار نەبوونیان لە کۆمیتەکەدا، کە گوایە هەڵوێستیان هەیە بەرامبەریان و بە کۆمۆنیست و کرێکارییان دانانێن و تێکەڵاویان نابن، چونکە خۆیان عەیارە بیستوچواری کرێکاری و کۆمۆنیستین!

مەبەستی من ڕاشکاوانە لێردا، ئەوەیە کە (نەوزاد بابان) هەمان نامە کە بۆ هەڵسوڕاوانی کرێکاری ناردوە، بۆ چەند هاوڕێیەکیشی ناردوە کە دواتر دەستەی (بەرەو یەکی ئایار) یان ڕاگەیاندوە، وێڕای تەلەفۆن کردنیش لەگەڵیاندا، تا بێن بۆ ئەو کۆبونەوەیە، بۆ دانانی نەخشە و پلانێکی هاوبەش بۆ یەکی ئایار، بەڵام ئەو هاوڕێیانە نەیانویستوە بەشداری کۆبونەوەکە ببن. دوای ئەوەش کە کۆبونەوەکە ئەنجام دراوە و (کۆمیتەی یەکی ئایار) پێکهاتووە، لە هەستکردن بە بەرپرسیارەتی بۆ پاراستنی یەکڕیزی بزوتنەوەی کرێکاری، کۆمیتەکە لە بەرواری (21-4-2018)دا هەڵساوە بە ناردنی نامەیەکی ڕەسمی بۆ دەستەی (بەرەو یەکی ئایار)، و داوای لێکردون کە بێن بۆ دانیشتنێک، تا لەگەڵ (کۆمیتەی یەکی ئایار)دا کار و چالاکیەکانیان هاوئاهەنگ بکەن. بەڵام ئەوان نەهاتوون بۆ دانیشتنەکە و بڕیاریان داوە سەربەخۆ چالاکیەکانی خۆیان ئەنجام بدەن.

## وێنەیەکی فۆتۆگرافی لە دوو ئۆبجێکت

بەم شێوەیە لەبەردەم وێنەیەکداین کە زوربەی هەڵسوڕاوانی بەرجەستە و ناسراوی بزوتنەوەی کرێکاری و ڕێکخراوە سەربەخۆکانی کرێکاران و کارمەندانی خەستەخانەکان و کارەبا و بیناسازی، وە بە پشتیشیانەوە حزب و گروپ و ڕێکخراوە و لایەنە سیاسیەکانی بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی کوردستانی عێراق لە (کۆمیتەی یەکی ئایار)دا لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە دەستەی (بەرەو یەکی ئایار) و بە پشتیەوە (ئاڵتەرناتیڤی سۆشیالیستی) و چەند مەحفەلێکی تر وەستاون.

## ئەم خۆ جیا کردنەوەیە بۆ؟

هەرکەسێک ئاگاداری ئەو ڕاستیانەی سەرەوە بێت، پرسیارێکی سادەی لا دروست دەبێت، کە بۆچی دەستەی (بەرەو یەکی ئایار) و بە پشتیەوە (ئاڵتەرناتیڤی سۆشیالیستی) نەیانویستوە هاوئاهەنگی کار و چالاکیەکانیان بکەن لەگەڵ (کۆمیتەی یەکی ئایار)دا؟!.

ڕاستیەکەی ئەو (دەستە)یە و پشتیوانەکەشی بەرپرسن لەبەرامبەر بزوتنەوەی کرێکاریدا کە وەڵامێک بەو پرسیارەی سەرەوە بدەنەوە. بەڵام تا ئەو کاتەی ئەوان ئەو وەڵامەی خۆیان ئامادە دەکەن، من دەمەوێت تیشکێک بخەمە سەرشێوازی کارکردن و هەڵوێست گیریەکەیان.

دەستەی (بەرەو یەکی ئایار) لیستێکیان ڕاگەیاندوە بۆ چالاکی، بەڵام ئەوەی کە ئەم چالاکیانە چ کاریگەریەکی ئیجابی یان سلبی لەسەر کۆی بزوتنەوەی کرێکاری و یەکڕیزیەکەی بەجێ دەهێڵێت، تەنها پەیوەست نییە بە خودی ئەو چالاکیانەوە، بەڵکو پەیوەستیشە بە شێوازی کارکردنی دەستەی (بەرەو یەکی ئایار) و هەروەها پەیوەستیشە بەو باروودۆخەی بزوتنەوەی کرێکاریەوە لە ئێستادا کە ئەم چالاکیەی تیا ئەنجام دەدرێت.

## سێ فاکتۆری گرینگ

لە ئێستادا سێ فاکتۆر هەن کە چوارچێوە و باروودۆخێکن، بزوتنەوەی کرێکاری لە کوردستانی عێراقدا گەشەی تیادا دەکات:

یەکەم، ناڕەزایەتییە بەرفراوانەکان، خۆشباوەڕی بە دەسەڵاتی ئێستای ناسیونالیزمی کورد و ئیسلامی سیاسی ڕەواندۆتەوە، بەمەش زەمینەیەکی بابەتی خوڵقاوە بۆ گەشەی ڕایکاڵیزم و سۆشیالیزم لە دەرونی چینی کرێکار و لە ناو بزوتنەوەی کرێکاریدا.

دووەم، بزوتنەوەی ناڕەزایەتییەکان لە پەرەسەندنی خۆیدا مەسەلەی ڕێکخراوبوونی سەربەخۆی کرێکاران و کارمەندانی هێناوەتە ئاراوە لە کەرتە جۆراوجۆرەکانی خزمەتگوزارییە دەوڵەتییەکان و ئابوری وڵاتدا. ئەم ڕەوەندە هێشتا هەر لەسەرەتای کاریدایە.

سێهەم، بوونی هەڵسوڕاوان و ڕابەرانێکی عەمەلی و مەیدانی ڕادیکاڵ و سۆشیالیست کە تۆڕێک لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و هاوڕێیەتی و پلەیەک لە نزیکایەتی فکری و سیاسی کۆی کردونەتەوە. وە لە بنچینەدا ئەو توێژە و تۆڕی پەیوەندیەکانی، کلیلی ڕێکخراوکردنی چینی کرێکار و هێنانەدی ڕێکخراوە سەربەخۆکان و ئاسۆدارکردنی بزوتنەوەی کرێکارییە، بە ئاسۆیەکی ڕادیکاڵی سۆشیالیستی. گەرچی ئەم تۆرە هێشتا خۆبەخۆییە و لەسەر بنەمای ناسیاوی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و هاوڕێیەتی ڕابردوو دامەزراوە و هێشتا بەرز نەبۆتەوە بۆ ئاستی تۆڕێک کە بە ئاگاهی فکری و سیاسی و بە پلان و بەرنامەوە دامەزرا بێت، بەڵام هەر لەم ئاستەشدا ڕۆڵێکی پڕ بایەخ دەبینێت لەناو بزوتنەوەی کرێکاری و بە واقعی و بەعەمەلی ئەم (کۆمیتەی یەکی ئایار)ە و ئەو ڕێکخراوە سەربەخۆیانەی کە لە ئارادان یان لە حاڵەتی شکڵگیریدان، بەرهەمی ئەو هەڵسوڕاوانە و ئەو تۆڕەیەن لە ئێستادا.

## چاندنی تۆوی دوبەرەکایەتی

پەیبردن بەو سێ فاکتۆرەی سەرەوە، هەستکردن بە بەرپرسیارەتی لای هەر کۆمۆنیست و هەر هەڵسوڕاوێکی کرێکاری و هەر خەمخۆرێکی بزوتنەوەی کرێکاری دەخوڵقێنێت، کە دەبێت لەو ڕاستایەدا کار و چالاکیەکانی ئەنجامبدات کە ببێتە مایەی هەرچی زیاتر توندوتۆڵ کردنی ئەو تۆڕە لە پەیوەندی ئەو توێژە لە کرێکارانی ڕادیکاڵ و سۆشیالیست و بەرفراوانتر کردن و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕێکخراوبوونی کە ئەوە خۆی وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە کلیلی هێنانەدی ڕێکخراوە سەربەخۆکان و ئاسۆدارکردنی بزوتنەوەی کرێکاری و ڕێکخراوکردنی چینی کرێکارە.

دەستەی (بەرەو یەکی ئایار) زۆر دورن لەوەی پەیان بردبێت بەو ڕاستیە، کە خودی (کۆمیتەی یەکی ئایار) بەرهەمی ئەو توێژە و ئەو تۆڕەیە لە پەیوەندی هەڵسوڕاوانی مەیدانی ڕادیکاڵ و سۆشیالیستی ناو بزوتنەوەی کرێکاری لە کوردستانی عێراقدا (بەجیا لە تەعەلوقی فکری و سیاسی و حزبی هەر هەڵسوڕاوێک).

وە زۆر دورن لەوەی کە پەیش ببەن بەوەی، خودی شکڵگیری ئەم کۆمیتەیەش بە دەوری خۆی ڕۆڵێکی پڕ بایەخ دەبینێت بۆ توندوتۆڵ کردنی پەیوەندی و بەرزکردنەوەی ئاستی ئاگاهی ئەو توێژە لە ڕابەرانی ڕادیکاڵ و سۆشیالیست بە جێگەوڕێگەی خۆیان و بە بەرپرسیارەتیەک کە لەسەر شانیانە، کە کۆمەک دەکات بە بەرزکردنەوەی ئاستی پەیوەندیەکانیان لە خۆبەخۆییەوە بۆ ئاستێکی دامەزراو لەسەر پلان و بەرنامە بۆ کاری ئایندە.

دەستەی (بەرەو یەکی ئایار) و پشتیوانەکەی نەک هەر پەیان نەبردوە بە زەرورەتی پتەوکردنی جێگەوڕێگەی ئەو توێژە و ئەو گرایشە لەناو بزوتنەوەی کرێکاری و کارکردن لە ڕاستایەکدا کە کۆمەک بکات پێیان، بەڵکو لەوە ناچێت وەکو توێژێک و گرایشێکیش بیان بینن. ئەوان کەسە هەڵسوڕاوەکان دەبینن وە تەعەلوقی فکری و سیاسی و حزبیشیان دەبینن، لێرەوە وەک کەس و فەردی هەڵسوڕاو لەسەر ئەو تەعەلوقە فکری و سیاسیە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن، نەک وەک گرایشێک و توێژێک کە ئەفرادەکانیان تەعەلوقاتی فکری-سیاسی و حزبی جیاجیان هەیە، بەڵام وەک گرایش و توێژێک ڕۆڵێکی هاوبەشیان هەیە لەناو دەرونی بزوتنەوەی کرێکاریدا، وە پێویستە چ بکرێت تا ئەو ئەرکە هاوبەشە بەرەو پێش ببرێت. بەمانایەک بزوتنەوەیی کارکردن، نەک کێش کردنی ئەفرادی هەڵسوڕاو بۆ ناو فرقەکەی خۆت و بە جیاکارکردن لەوانی دی کە...

بۆ لاپەرە ١١

# هەواڵی نارەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان

## ئامادەکردنی: شوان عەزیز و ئاراس رەشید

**پەرستاران و برینپێچانی زیمبابۆی دەست دەدەنە مانگرتن و حکومەتی ئەو وڵاتەش ١٦هەزار پەرستاری لە سەر کار لادا.!!**




لە سەرەتای ئەم هەفتەیە حکومەتی زیمبابۆی بە بەهانەی بەشداریکردن لە مانگرتن و خۆپیشاندانەکاندا، دەستی کرد بە دەرکردنی ١٦ هەزار پەرستار لەسەر کارەکانیان. لەو بارەشەوە پەرستاران پێیان وایە ئەم هەنگاوە نا دیموکراتیەی حکومەت بۆئەوەیە فشار بخاتە سەر پەرستاران و بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان و دەست بەرداری مانگرتن بن لەسەر مافەکانیان.

بۆیە پەرستاران لە بەرامبەر ئەم هەنگاوە دژە دیموکڕاتیەی حکومەتی زیمبابۆی هاتنە دەنگ و ڕایان گەیاند کە ئەوان گوێ بە بانگەوازو بڕیاری حکومەت نادەن و بەردەوام دەبن لە مانگرتن. هەر لەو بارەوە ئەم کارەی حکومەتیان ئیدانە کرد و ڕەتیان کردەوە کە بەو جۆرە فشارانە بچنەوە سەر کار.

جێگەی باسە کە ئەو بڕیارەی حکومەت لەسەر داخوازی جێگری سەرۆکی حکومەتی ئەو وڵاتە بە ناوی "کۆنستانتینۆ شیوێنگا" بووە. ئەو پیاوە لە ساڵی ٢٠١٧ وە بۆتە جێگری حکومەت و پێشتر جەنەڕاڵێکی نێو بەشی سوپا بووە و خانەنشینیش بوە.

لە بەرامبەر ئەو بڕیارەی حکومەتدا کۆمەڵەی پەرستارانی زیمبابۆی بە ناوی" ZINA،زینا " کە بەشێکە لە ڕێکخراوی" پی ئێس ئای" ڕایگەیاند کە ئەوان ئەو بڕیارەی حکومەت ڕەت دەکەنەوە و هەموو ڕێکارێکی یاساییش دەگرنەبەر بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو بڕیارە، ئەو دۆسیەیەش دەبەنە دادگای گشتی بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانیان. ئەوەی کە پەرستاران داوای دەکەن و لە پێناویدا هاتوونەتە سەر شەقام و مانگرتنیان لە پێناویدا ڕاگەیاندووە، بریتیە لە باشترکردنی کرێی کار و باشترکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی.لە بارەی گەیشتنی فەرمانی ڕەسمی دەرکردنی پەرستارانیش سەرۆکی زینا وتی هێشتا نامەی دەرکردن بەڕەسمی نەگەییشتۆتە دەستیان. هەروەها وتی حکومەت بەشێوەیەکی زۆر خراپ و نادیموکراتیانە هەنگاوی ناوە لە بەرامبەر پەرستارانێک کە داوای مافی خۆیان دەکەن.هەر بۆیەش ڕێکخراوی جیهانی پی ئێس ئای پشگیری ڕاستەوخۆی خۆیان ڕاگەیاند بۆ پەرستارانی زیمبابۆی و پشتگیری داخوازیەکانیان دەکەن.

**فلیپین و بەرتەسک کردنەوەی ئازادی سیاسی و ڕێکخراوەیی!!**

حکومەتی فلیپین ڕێگا نادات نوێنەرو ڕابەری ڕێکخراوە پیشەییەکان بچنە ناو فلیپینەوە.!




" BWI،بی دەبلیو ئای" ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کرێکارانی بەشی بیناسازی و دارە. ئەو ڕێکخراوە ئیدانەی ئۆفیسی کۆچبەرانی وڵاتی فلیپین دەکات کە ڕێگەی نەدا دوکتۆر ڕاجیو شەرمە بچێتە ناو وڵاتی فلیپینەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکێکی ئەو ڕێکخراوە. ڕاجیو کە بەرپرسی سیاسەتی ئاسیا-پاسیفیکی ئەوڕێکخراوە بوو. لە ١٥ی مانگی نیسانی ئەمساڵدا ویستی سەردانی فلیپین بکات، بەڵام نووسینگەی کۆچبەرانی وڵاتی فلیپین ڕێگای بە ناوبراو نەدا بچێتە ناو فلیپینەوە.

کاری دوکتۆر ڕاجیو ئەوە بوو؛ کە بچێت ۆرکشۆپێک لە شاری مانیلای پایتەختی فلیپین بکاتەوە بۆ پەرەپێدانی کاری گونجاو و شیاو لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی ئەی دی بی"،بانکی گەشەپێدانی ئاسیا"دا . ناوبراو لەبەرئەوەی لە ساڵی ٢٠١٢ دا بەشداری کۆبوونەوەیەکی کردبوو لە شاری مانیلا، لەبەر ئەو هۆیە خرابووە لیستی ڕەشەوە. بۆیە تەنانەت لە ساڵی ٢٠١٤ دا ناوبراو ویستی سەردانی فلیپین بکات بەڵام ئەو ساڵەش ڕێگای پێنەدرا.ڕێکخراوی "بی دەبلیو ئای" نامەی ئەستۆپاکی ناوبراوی ئاراستەی نووسینگەی کۆچبەرانی فلیپین کردبوو، بەڵام هێشتا ئەوە بەس نەبووە تا ڕێگا بە ناوبراو بدرێت بچێتە ناو ئەو وڵاتەوە. بۆیە لە زۆر لاوە لەلایەن ڕێکخراوە پیشەییەکانەوە هەوڵی ئەوە دراوە کە ناوبراو لە لیستی ڕەش دەربهێنرێت کە لەلایەن حکومەتی فلیپینەوە بەسەریاندا سەپاوە.شایانی باسە، هەر هەمان ڕۆژ کە دوکتۆر ڕاجیو ڕێگای لێگیرا بچێتە ناو فلیپینەوە، لەولاشەوە لە فڕۆکەخانی شاری سێبو لە فلیپین گیاکۆمۆ فیلیبەک دیپۆرت کرایەوە و وەدەرنرا لە فلیپین. ناوبراو جێگری پارتی سۆسیالیستەکانی ئەوروپا بوو. ئەو بۆیە سەفەری کردبوو بۆ فلیپین تا بەشداری کۆنگرەی ئەکابایان بکات. ئەرکی ناوبراو ئەوە بووە تا ڕێگای دروستی دادپەروەری بۆ کوژراوانی فلیپین بدۆزێتەوە.

"بی دەبلیو ئای" خەمی ئەوەیانە کە ئێستا حکومەتی فلیپین ڕێگە نادات ڕێکخراوێک پێبنێتە ناو وڵاتەکەیان، نەوە کە لە ڕووی نێونەتەوەییەوە مافی ئازادی سەفەری هەیە و بۆ کارێکی ئاشتیانە سەردانی وڵاتی فلیپین دەکات. سەردانەکەی ئەوان هەر لە چوارچێوەی ئازادی ڕادەربڕین بۆ دیفاع لە ئازادی و مافی مرۆڤە.

لەو بارەوە ڕێکخراوی بی دەبلیو ئای داوا لە سەرۆکی فلیپین دەکات کە بە سیاسەتەکانی نووسینگەی کۆچبەرانی فلیپین دا بچێتەوە، و نوێنەرانی ڕێکخراوە پیشەییەکان لە لیستی ڕەش دەربهێنن و بۆیان هەبێت سەفەری وڵاتی فلیپین بکەن لە چوارچێوەی ئازادی سەفەر و هات و چۆ بۆ نوێنەرانی ڕێکخراوەکان .

**پاڵپشتی یەکیەتی نێونەتەوەیی سەندیکاکان بۆ سەربەخۆبوونی یەکیتییە پیشەییەکانی وڵاتی بیلاڕوس .!**



نوێنەرایەتی نێونەتەوەیی بۆ نوێنەرانی یەکێتیەکانی کرێکارانی بەشی خۆراک"ئای یو ئێف"، پیشەسازی و" پی ئێس ئای، و ئای تی یو سی" خۆپیشاندانێکیان بەڕێخست. ئامانجی ئەو خۆپیشاندانە بۆ پاڵپشتی بوو بۆ سەربەخۆبوونی بزووتنوەی یەکێتیە پیشەییەکانی وڵاتی بیلاڕوس.جێگەی باسە کە حکومەتی بیلاڕوس بەردەوامە لە تەنگ پێهەڵچنین و جارسکردنی هەموو ئەو یەکێتی و سەندیکایانەی کە سەربەخۆن و ڕاستەوخۆ سەر بە کرێکارانن و لە ژێر کۆنتڕۆڵ و فەرمانی حکومەتدا نین. هەر لەو ماوەیەدا حکومەت لەژێر ناوی لێکۆڵینەوە لە تاوانباران دەستی داوەتە بانگکردن و جارسکردنی ڕابەرانی یەکێتیە کرێکاری و بزوتنەوەی سەربەخۆی کرێکاران. بۆ نموونە؛ دوو ڕابەری دیاری کرێکارانی بەشی کارەبا بانگ کراون و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کراوە. ئەو دوو ڕابەرە دیارە و سەندیکاکانیان نزیکایەتیان هەبووە لەگەڵ کۆنگرەی یەکێتیە پیشەییە دیموکڕاتیەکان. هەر ئەوانیش بوون کە خۆپیشاندانی گەورەیان ساڵی پار ڕێکخست لەدژی بڕیاری سەرۆکایەتی بیلاڕوس بۆ سەپاندنی باج تەنانەت بەسەر خەڵکی بێکاریشدا. یەکەمین کاری نادیموکڕاتیانەی حکومەتی بیلاڕوسیش ساڵی ٢٠٠٤ ئەوە بوو، کە نوێنەرایەتی سەندیکایەکی بەشی خۆراکیان گۆڕی، لە شوێنیدا کەسانی سەربە دەزگا ڕەسمیەکانی دەوڵەتیان دانا.

هەروەها جێگەی باسە کە زۆرێک لە سەندیکاو ڕێکخراوە سەربەخۆکانی کرێکاران وا خەریکی یەکگرتنن ، وا پێ دەچێت کە نزیک دەبنەوە لە سەندیکای گەورە لە ژێر ناوی ڕێکخراوی فرە پیشەسازیەوە. ئەو سەندیکا گەورەش بەشێک دەبێت لە ڕێکخراوی ئای یو ئێف" یەکێتی خۆراکی جیهانی.

**خەڵاتی نێونەتەوەیی ئارثەر سیڤنسن بۆ ساڵی ٢٠١٨ دەدرێتە ڕابەری سەندیکایەکی سەربەخۆی پیشەیی لە کازاخستان.!**

لاریسە خەرکۆڤە، سەرۆکی بزوتنەوەی سەندیکای پیشەیی سەربەخۆ( KNPRKکەی ئێن پی ئاڕ کەی) لە وڵاتی کازاخستان، خەڵاتی ساڵی ٢٠١٨ی The Arthur Svensson " International Prizeئارثەر ستیڤنسن" ی پێدرا. ئەو سەندیکا سەربەخۆیە نوێنەرایەتی دەکرێت لەلایەن لاریسە خەرکۆڤە، نوربەگ کوشاکباییڤ، وە ئەمین عەلی سینۆڤ وە.

ئەو خەڵاتە تایبەت بوو بە مافەکانی سەندیکا پیشەییەکان.

جێگەی باسە کە نوێنەران و ڕابەرانی ڕێکخراو و سەندیکا کرێکاری و پیشەییە سەربەخۆکان، چەندین ساڵە ڕووبەڕووی سەرکوت و بێدەنگکردن دەبنەوە لەلایەن حکومەت و دەسەڵاتدارانەوە لە وڵاتی کازاخستان. ئەو سەرکوتەش لەبەرامبەریاندا هەر لەبەرئەوە بووە کە ئەو ڕابەرانە کاری جدیان کردووە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خەڵکی کارگەرو چینی کرێکار. بۆیە کە تا ئەوڕۆش دوو لەو ڕابەرانە بە ناوی نوربەگ و ئەمین عەلی سینۆڤ هەر لەزینداندان. هەروەها لاریسە خەرکۆڤەش لەژێر دەیان کۆت و بەندی یاسایی حکومەتدا ژیان بەسەر دەبات. هەر لەو بارەوە دادگای نیشتیمانی سزای دارایشی سەپاندووە بەسەر ٣ لەو ڕابەرانەدا کە زۆر قورسە بتوانن بیدەن..

فرۆد ئالفهەین، بەرپرسی پێدانی ئەو خەڵاتە بە لاریسە خەرکۆڤە، ڕایگەیاند کە ئەوان دەستەوەستان دانانیشن، لە کاتێکدا هاوڕێکانیان لەسەر داواکاری چینی کارگەردا دەخرێنە زیندانەکانەوە یاخود سزای دارایی دەسەپێنرێت بەسەریاندا. هەروەها وتی کە ئەوان داوا لە حکومەت دەکەن کە ڕێز لە پێکهێنانی ڕێکخراوە و سەندیکای سەربەخۆ بگرن.

سزادان و خستنە زیندانی ڕابەران و نوێنەرانی ڕێکخراوەو سەندیکای سەربەخۆی کرێکاری دەبێت لەسەرتاسەری جیهاندا ئیدانە بکرێت!

حکومەتی کازاخستان هیچ ڕێزێک لەو سەندیکا و یەکێتیە سەربەخۆیانە ناگرێت و هەمیشە دەیان خاتە ژێر فشارەوە. بە شێوەیەکی زۆر بێبەزەییانە و دڕندانە سەرکوتی نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان دەکات. بۆ نموونە؛ لەساڵی ٢٠١١ دا کاتێک کە کرێکارانی شاری نەوتی ژانەۆزێن مانیان گرت و خۆپیشاندانیان ئەنجام دا، حکومەت لەڕێگەی هێزەکانی پاراستنی یاساوە تەقەی لێکردن و ١٤ کەسیان لە مانگرتووەکان کوشت.

دیسان جێگەی باسە کە سەرباری ئەو پێشێلکاریەی کە حکومەتی کازخستان دەیکات لە بەرامبەر ئازادی و مافی چینی کرێکاراندا، ئەوەتە هەندێک سەرکەوتنی باشیشی بەدەست هێناوە، وەک ڕوتوشێک لە نێو دنیای دیموکڕاسی وڵاتاندا. بۆ نمونە کازاخستان نوێنەری هەیە لە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ، لەو بارەشەوە خەڵاتی تایبەتی پێدرا لە لایەن سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هەروەها دیسان...

بۆ لاپەرە ١٢

بۆپێشەوە FORWARD بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# پێویستە ١ی ئایار بکرێتە کەرنەڤالّی تێکۆشان بۆ هێنانەدی مافەکان

عبدالرحمن رسول

کرێکاران ئەو چینەن یاخود ئەوبەشەن کە زۆرینە لەکۆمەڵگەکانی جیهان پێک دەهێنن و لەسەردەستی کرێکاران و بە ماندووبوونی کرێکاران و زەحمەتکێشان کارگەکانی بەرهەمهێنان و وێستگەی شەمەندەفەرەکان و فرۆکەخانەکان و پاسەکان وشەمەندەفەرەکان و دامەزراوەکانی تر بەردەوامن. بەهۆی ماندووبوونی کرێکارانەوەیە شارو شارۆچکە و تەواوی کۆمەڵگە پاک و خاوێن رادەگیرێت و شارەکان رووناکن بە کارەبا و رێگاکان سەلامەت و باشن بۆ هاتوو چۆ. بەهۆی ماندووبوونی کرێکارانەوەیە بەرهەمەکانی سەر زەوی و ژێر زەوی بۆ کۆمەڵگە بەرهەمدێت. بەهۆی ماندوبوونی جوتیارانی ورەنجدەرانەوەیە کەبەرهەمە کشتوکاڵییەکان بەرهەم دەهێندرێت و تاکەکانی کۆمەڵگە سوودمەند دەبن لە سەوزەو میوە ومەوادە خۆراکییەکانی تر. هەموولایەک دەزانێت ئەگەر تەنها بۆ چەند رۆژێک یاخود چەند کاتژمێرێک کرێکاران کارنەکەن کۆمەڵگە تووشی چ جۆرە زیانێک دەبێت، کرێکارانی بیناسازین بیناکان دروست دەکەن، بەهۆی کارکردنی کرێکاران و کارمەندانەوەیە کە ئاوی پاک وکارەبای کۆمەڵگەکان هەیە، شار پاکوخاوێنە بەهۆی کرێکارانی شارەوانی یە وە. بەهۆی کارکردنی کرێکاران وجوتیاران و زەحمەتکێشانەوەیە تەواوی سەرمایەداران و پارێزەرانی سیستەمی سەرمایەداری و سیستەمی دینی و قەومی و تەواوی بەرپرسەکانیان خۆشبەخت و خۆشگوزەرانن، بەڵام خۆیان (پارێزەرانی سیستەمی دینی وقەومی وسەرمایەداری ) تەمبەڵ وتەوەزەل و بێ بەرهەم و مشەخۆر هەروەک گەنەو مۆرانە وبڵاوان بەسەر شانی کرێکاران و دەستفرۆشان و مامۆستایان و فەرمانبەران و تەواوی خەڵکی هەژارو بێکاری کۆمەڵگەدا. ئەمانە هەموو لایەک دەزانن سەرجەم پارێزەرانی سیستەمە چەوسێنەرەکانیش ئەمە باش دەزانن ئەگەر بۆیەک رۆژ کرێکاران کارنەکەن سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیا و پارێزەرانی سیستەمی چەوسێنەر و نابەرابەر زۆرترین زیانی ماددی دەکەن و قەرەبووکردنەوەی زۆر زەحمەتە، بەڵام دڵنیان بەوە خۆشە کە پێیان وایە کرێکاران و زەحمەتکێشان بە ئاسانی یەک ناگرن هەربۆیەشە پارێزەرانی سیستەمی چەوسێنەر ونابەرابەر بە هاوکاری سەرمایەداران و جەقوکێشان وگۆپاڵ بەدەستان ومافیاکانی کۆمەڵگە دەست لەناو دەستن بۆزیاتر چەوسانەوە و گوێ نەدان بە ماف و ئازادییەکانی کرێکاران و رەنجدەران و فەرمانبەران ودەستفرۆشانی کۆمەڵگە، و بەوجۆرە درێژە بە پاراستنی سیستەمیی چەوسانەوە نابەرابەری دەدەن.

لەکاتێکدا خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش و کرێکار هاتنە سەرشەقامەکان بە کۆمەڵێ بەڵێنی درۆینەی چاکسازی و دژە گەندەڵییان بە زەبری سوپا و پۆلیس و پێشمەرگەو مافیاکانی ناو دەسەڵات بڵاوە بەخۆپێشاندەرانی خەڵکی نارازی دەکەن. لەسەرجەم سیستەمە دیینی و قەومی و سەرمایەدارییەکان بەم جۆرەیە بەرخود ومامەڵە لەگەڵ ماف و ئازادییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگەکانی جیهان دا دەکەن.

هاتنەکایەوەی رۆژی یەکی ئایار لەئەنجامی بەرخودان وتێکۆشانی کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە بوو بۆ هێنانەدی مافەکانیان کە سادەترین مافەکانیش، کەمکردنەوەی سەعاتی کار، زیادکردنی پشووەکان، دابینکردنی بیمەی تەندروستی، دابیکردنی شوێنی نیشتەجێ بوون، زیادکردنی هەقدەستی کاری رۆژانە، چەندین و چەندین داواکاری تر هەتا ئێستاش مافەکانی کرێکاران نەک دابین نەکراوە، بەڵکو رۆژانە سوکایەتیشیان پێ دەکرێ و هەق ومافی کرێ ی کارکردنیشان زۆرجار دەخورێ لەلایەن خاوەن کار یان کۆمپانیاکانی خاوەن کارەوە. بەتایبەتی کرێکارانی کۆچ بەر وبیانی زۆرێک لەمافە ئینسانییەکانییەکانیان پێشێل دەکرێت، هەق دەستی تەواویان نادرێت، یاخود رووبەرووی ئازارو ئەشکەنجە و سوکایەتیش دەبنەوە لەلایەن خاوەن کارەوە.

یەکی ئایار تەنیا رۆژێک نییە بۆ نمایش و بۆنەی حیزبی، ئاهەنگ گێران، هەروەک حیزب و رێکخراوەکانی سەر بەدەسەڵات و سیستەمی دەوڵەتداری چەوسێنەر لەکۆمەڵگەدا بانگەشەی بۆ دەکات، کاتێک یەکی ئایار دێت ساڵانە دەست دەکەن بە شایی و لوغان وگۆرانی گوتن و بەشینەوەی کەمێک دیاری وشیرینی بە سازکردنی ئەم جۆرە نمایشە درۆزن وفریوکارانەیە دەیانەوێت بەخەڵکی کۆمەڵگەکەیان بڵێن ئێمە پشتیوانی کرێکاران وزەحمەتکێشان دەکەین ئەوەنی یە بەشداری ئاهەنگ و خۆشییەکانیانین. بەڵام سازکردنی ئەو جۆرە ئاهەنگ و بەشداریانەی پارێزەرانی سیستەمی دەسەڵاتی چەوسێنەر بە خۆشی خۆی نییە، لەئەنجامی گەشەی بزوتنەوەی کرێکاری و تێکۆشەرانی کۆمۆنیست و ئازادیخواز و یەکسانیخوازەوەیە. خۆیان باش دەزانن کرێکاران و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگە کە یەگرتووبن لەتێکۆشاندا کە خۆیان رێکخراوبکەن لەناودامەزراوەکان وکارگەکان و فەرمانگەکان وکۆمپانیاکانی کۆمەڵگەدا هەرگیز بەتەنها رازی نابن بەئاهەنگ گێران وبەشینەوەی کەمێک شیرینی، بەڵکو کرێکاران وزەحمەتکێشان وفەرمانبەران دابینکردنی ئازادی و مافەکانیان دەوێ، بیمەی تەندروستی و مووچەی تەواو و لەکاتی خۆیدا بدرێت و شوێنی نیشتەجێ بوونی و دابینکردنی پێداویستی سەلامەتی و چەندین وچەندین داواکاری و مافی تریان دەوێت.

کەواتە یەکی ئایار رۆژی ئاهەنگگێران و رۆژی هاتنەمەیدانی یەکگرتوانە وهاوخەباتی چینی کرێکارە بۆ داواکردنی مافەکانی چینی کرێکار. یەکی ئایاری ئەم ساڵ هەنگاوێکە بۆ دەستکردن بە خەباتێکی نوێی نێونەتەوەیی سیاسی و ئابوری بە بەشداری سەرجەم چینی پرۆلیتاریا و خەڵکی بەشمەینەت. ئیتر بابەس بێت چەوسانەوە و نابەرابەری و سەرکوت و ئیستبداد و کوشتن و لەسێدارەدان و زیندانی سیاسی، بۆ ئەمەش پێویست دەکات کە خەڵکی کرێکارو بەشمەینەت و کارمەندان وفەرمانبەران ومامۆستایان وسەرجەم خەڵکی چەوساوەی دەستی خاوەنداریێتی و کار و چاوچنۆکی سەرمایەداران و دەسەڵاتدارانی ناسیۆنالیستی و دینی، هەنگاو بنێن بۆ خۆرێکخراوکردن و یەکگرتوویی وهاوخەباتی لەبەرامبەر یاساکانی چەوسانەوە وسیستەمی سەرکوت وچەوسانەوە. باچیتر وا نەزانن خەڵکی چەوساوەو ماف خوراو گێل ونەفامە، ئیتر بەسە بەرژەوەندی هەموان هەریەکە ئەویش ماف و ئازادییە. پێویستە لەوەش دڵنیابین ماف وئازادییەکانیش هەرگیز لەخۆیەوە بەدی نایەت، پێویستی بەتێکۆشانی یەکگرتوو خەباتی هاوبەشی ئەم چینە بەشمەینەت وچەوساوە هەیە.

مامۆستایان و کرێکاران و فەرمانبەران ودەستفرۆشان و بێکاران وهەژاران و جوتیارانی کۆمەڵگە، شایستەی ژیانێکی دادپەروارانە و ئازادن، شایستەی ژیانێکی خۆشگوزەران و ئاسوودەن نەک بەهۆی یاسا وسیستەمی زاڵمانەی چەوسێنەرانی مافیا و دزو گەندەڵکارانەوە کە سەرجەم سەرەوەت و سامانی زۆری کۆمەڵگە بۆ خۆیان دەدزن و دەبەن. مامۆستایان وفەرمانبەران وکرێکاران ودەستفرۆشان و بێکاران وهەژارانیش هەروەک کۆیلەکانی سەدەکانی رابردوو بگوزەرێن و ژیانێکی مەمرەومەژی بژین، بەردەوام لەئاست چەوسانەوەو نابەرابەری و سەرکوتگەری دەسەڵاتداران بێ دەنگی هەڵبژێرن. بڕیار بەدەستی خەڵکی مافخوراو وچەوساوەیە بۆ گۆڕانکاری لەژیان و بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد وبەرابەر. ئەگەر خەڵکی نارازی لەچەوسانەوە ونابەرابەری خۆی رێکخراو بکات، ئەتوانێت هەرخۆشی دەسەڵاتی شورایی خۆیی بەرێوەبەرێت نەک وەک ئێستا پشتببەستێت بەدەنگدان بۆ گۆڕانکاری کە زۆر باش زۆرینەی خەڵکی کۆمەڵگە دەزانێ کە درێژەپێدان بە چەوسانەوە وسەرکوت و زیندان و لەسێدارەدان لەئەنجامی تەمبەڵ وتەوەزەلی ئەندامانی پەرلەمانێک لەناو سیستەمێکی دینی و قەومی وسەرمایەداری کە بەهیچ شێوەیەک نەک بەرگری ناکەن لەماف و ئازادییەکانی خەڵکی چەوساوەو هەژار وبێکارو کرێکار، بەڵکو خۆشیان بەشێکی کاریگەرن لە هێشتنەوە بارودۆخی کۆمەڵگە بەم جۆرە کە زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگە بە گەنجان و لاوان وژنانەوە هاتە دەگاتە کرێکاران وزەحمەتکێشان وبێکاران و چەوساوەکان نارازییە، بەردەوام نەفرەت لەوجۆرە سیستەم و دەسەڵاتە دەکات. لەچەند ساڵی داهاتوودا ئەندامانی پەرلەمانی هەڵبژێردراو وەزیرە تازەکانیش دەبنە قورسایی بەسەرشانی کۆمەڵگەوە لەبەرئەوەی هەموویان خانەنشین دەکرێن بە پارەیەکی خەیاڵی و خانووی تایبەت و ئۆتۆمبیلی تایبەت و سەفەری وڵاتانی دەرەوە دەکەن هەموو خەرجییەکەشیان لە داهاتی گشتی دەوڵەت وحکومەت دەڕوات بەبێ ئەوەی کەمترین کێشەو قەیرانی خەڵکی کرێکارو هەژارو زەحمەتکێش چارەسەربکەن. بەبێ ئەوەی کێشەکانی ئاو و کارەبا و رێگاکان و تەندروست و خوێندن وپەروەردە چارەسەربکەن. کەواتە پێویستە سەرجەم گەنجان و لاوان و ژنان و فەرمانبەران ومامۆستایان و کرێکاران و هەموو چینە چەوساوەکان بیر لەجێبەجێکردنی نەخشە رێگاک بکەنەوە کە رزگاریان بکات لەدەست کۆیلایەتی و هەژاری وشەڕو ئاوارەیی.

ئەو سیستەمەی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و ئێران و عێراق بەرێوەدەچێت خۆی لە زاڵبوونی سیاسەتی سەرمایەداری دینی وقەومی دایە، کە بووەتە هۆی بارگرژی و پەشێوی زیاترو بەرهەمهێنانی شەڕی تایفەگەری و لەدەستدانی توانای مادی و مرۆیی کۆمەڵگە.

دەوڵەتی فاشیزمی ئیسلامیی ئێران و دەوڵەتی فاشیزمیی ئیسلامیی تورکیا راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری نەرینی لەسەر جۆری بەڕێوەبردنی باشووری کوردستان بەتایبەتی وعێراق بەگشتی یان هەیە. بارودۆخی قەیراناوی و پڕ کێشەی باشووری کوردستان و عێراقی ئاڵۆزترکردووە بۆتە گرێ کوێرەیەک کە هەرگیز کێشە و قەیرانەکان بەم جۆرە سیستەمە چەوسێنەرو سەرکوتگەرو بەرپرسە گەندەڵ ودزانەی باشووری کوردستان ودەوڵەتی عێراق چارەسەر ناکرێت.

کەواتە هەرجۆرە ئومێد و هیوایەک بە هەڵبژاردنەکانی عێراق و باشووری کوردستان بە واتای خۆ فریودان وفێڵ کردنە لەناخی خودی مرۆڤەکان کاتێک بەشدار دەبێت لەپرۆسەی هەڵبژاردنێک کە خودی سیستەمەکە لەسەربنەمای جیاکاری وبێ مافی و هەڵاواردن و چەوسانەوە ونابەرابەری دامەزراوە لە عێراق وباشووری کوردستان هیچیان نەیان توانیوە سەربەخۆیی ئیداری و دەوڵەتداری وحکومەتداری خۆیان بپارێزن، زۆر بە روونی و ئاشکرا دیارە کە دەوڵەتانی کۆنەپەرستی و ناوچەکە وەک ئێران و تورکیا و سعودیە و دەوڵەتانی زلهێزی وەک ئەمریکا و ئەوروپا و روسیا کە چۆن تەداخول لە کاروباری ئیداری ناوخۆی باشووری کوردستان وعێراقدا دەکەن. یاری بە چارەنووسی خەڵکی عێراق و باشووری کوردستان دەکەن. ئەم بارودۆخەش لەگەڵ پەیرەوکردنی سیاسەتی ئابوری بەرخۆر یەکدەگرێتەوە، کە پشتی لە پەرەپێدانی مرۆیی بەردەوام و بنیاتنانی ژێرخانی...

بۆ لاپەرە ١١

بۆپێشەوە
FORWARD بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# لە گۆشەیەکی ترەوە

**پرس و ڕای هەفتانە، گۆشەیەکی هەفتانەیە کە هاوڕی مزەفەر عەبدوڵا دەینووسێت، بۆپێشەوە هەر دوو هەفتە جارێک، باسێک یان چەند باسێکی بڵاودەکاتەوە...لەم گۆشەیەدا " شانازی بەکام کارو دەستکەوتانەوە دەکەن؟...دەخوێننەوە**

لەناو هەراو هورياو ئاژاوەگێری و هەڕەشەو گوڕەشەو سوکایەتی و تۆمەتبارکردنی یەکتر تا دەگاتە دەسبردن بۆ کوشتنی بەرپرسی یەکتر، بە ئۆپۆزیسیون و ئۆپۆزیسیونی بەشداربوی ئەم بەناو هەڵبژاردنەوە، سەرانی زۆربەی ئەم دەستەو تاقمانە لە بانگەشەو وتارەکانیاندا هەمیشە یەک سەردێر زۆر بەکاردێنن و دەیڵێنەوە ئەوەش ئەوەیە کە دەڵێن: تەماشای کارو دەسکەوتەکانمان بکەن لە چەند سالّی ڕابردوودا. وە زۆر شانازیش بەم قسەیەوە دەکەن.

بێگومان ئەم قسەیەش هەر لەم هەڵبژاردنە نەکراوەو ناکەن، بەڵکو لەهەمو هەڵبژاردنەکانی پێشوش ئەم قسە پوچەیان دوبارە کردۆتەوە.

بەڵام هەموو ئەوانەی دژی ئەم گاڵتەجارییە بەناو هەڵبژاردنانەن هەقی خۆیانە بپرسن و بڵێین کام کارو دەسکەوتانەتان بۆ خەڵک تا شانازی پێوە بکەن؟!

لە ڕاستیدا کارو دەسکەوتەکانتان بۆ خەڵک ئەمانەن کەوا بۆتانی دەژمێرین:

یەکەم: شانازی بەو هەموو شەڕوکوشتارەی نێوان خۆتان دەکەن کە دەیان سالّ پێش ئەوەی بێنە سەر دەسەڵات بەناوی مەلایی و جەلالی و ئیسلامی و قەومییەوە کردتان و پاش بەدەسەڵات گەییشتنیشتان لە سالّی ٩١ چەندین شەڕو تاوانتان ئەنجامداوە؟!

دووەم: شانازی دەکەن بەو هەموو سەرکوت و زیندانی و تەنانەت کوشتن و تیرۆرە سیاسی و شەخسیانەی کە بەرامبەری هەر دەنگێک کە لەناو ڕیزەکانی خۆتان یاخود دەرەوەی خۆتان ئەنجامتان دا؟

سێهەم: شانازی دەکەن بە کوشتنی ئەو سەدان و هەزاران ژنەی کە بە دەستی سەران و هێزی چەکداری پیاوسالاری کۆنەپەرستی ئێوە چ لە شاخ و لە چ شار ئەنجامدرا؟! مەگەر دەیان کەس لە سەرانی ئێوە، بە قەومی و ئیسلامیتانەوە، خوشک و هاوسەری خۆی نە کوشتوە بەبەهانەی ناموسپەرستی و، یاخود هانی پیاوسالارانی نەداوە تا خوشک و هاوسەرو ژنانی کەسوکاریان بکوژن بەهەمان بەهانەی ناموسپەرستی یەوە.؟!

کێ هەیە نەزانیت دەیان و سەدان سەرکردەو بنکردەتان دەستی نەچوتە کوشتنی ژنان و، سەرەڕای ئاشکرابوونی تاوانەکانیان هێشتا لە ڕیزی سەرکردایەتی و تەنانەت کاندیدەکانتادایە؟!

چوارەم: شانازی دەکەن بە کوشتنی ئەو سەدان و هەزاران کەسە لە ڕۆژنامەنوس و ڕۆشنبیرو نووسەرو هەڵسوڕاوی سیاسی ئازادیخوازو چەپ و کۆمۆنسیت کە لەم ٢٧ سالّەی دەسەڵاتەکەتان کوشتان وەک: نەزیر عومەرو ڕەوف ئاکرەیی و ڕێناس و شاپورو قابیل و سۆرانی مامە حەمەو سەردەشت عوسمان و کاوە گەرمیانی ویداد حوسین و سەدانی تر، ئاخۆ ڕۆژیک یەکێک لەو بکوژانە دەسگیرو دادگایی و زیندانی کران؟!

پێنجەم: شانازی دەکەن بەوەی هەمووتان بە قەومی و ئیسلامییەوە، بوونە بەکرێگیراوی ڕژێمە سەرکوتگەرو فاشییە قەومی و ئیسلامییەکانی دوژمنانی خەڵکی کوردستان، هەر لە ڕژێمی بەعس و ڕژێمی ئیرهاب و ئیعدامی ئیسلامی ئێران و دەسەڵاتە قەومی و فاشییەکانی تورکیاو سوریاو تەنانەت سعودیەو زۆر ڕژێمی تر؟!

شەشەم: شانازی دەکەن بەوەی هەمووتان، لەسەر داوای ڕژێمە فاشییەکان ئەندامان و کەسایەتییە سیاسییەکانی موعارەزەی ئەو ڕژیمانەتان بە کوشتدا لەلایەن دەزگا جاسوسییەکانی ئەو ڕژیمانەوە؟! کێ هەیە نەزانێت ئێوە بونە هاوکاری ڕژێمەکان بۆ لێدانی پەکەکەو حزبی دیموکرات و کۆمەڵەو دەیان لایەنی موعارەزەری تری ڕژێمی ئیسلامی و تورکیاو سوریا ؟!

حەوتەم: شانازی دەکەن بەوەی بونە خاوەنی فایلی ٦٦ و ٨٣ و ٩١ و ٩٦ و ٢٠١٦ وەهەر جارەی بۆ ملشکاندنی یەکتری لایەنێکتان دەبونە بەکرێگیراوی بەعس و جەماوەریشتان دەکردە قوربانی نێوان شەرەکانتان؟!

هەشتەم: شانازی بەوەوە دەکەن کە ئێوە یەکێک لە دەسەڵاتە فایل ڕەشەکانن لای ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ئینساندۆستەکانی دونیا؟! وەک ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەڵەوتی وچاودێری مافی مرۆڤ و لێژنەی پاراستنی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی و دەیانی تر؟!

نۆیەم: شانازی دەکەن بەوەوە کە لە سایەی دەسەڵاتەکەی ئێوەدا هەرچی بیروباوەرو دابونەریت و کەلتوری دژە ژنی و دواکەوتویی و قەومی و عەشیرەتی و بنەماڵەیی و ئیسلامی و تایەفی سەدەکانی ناوەراست هەیە زیندوبۆتەوە؟!

لە جیاتی پەرەدان بە بیروهەست و نەریت و کەلتوری مرۆڤدۆستی و ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی و پیشکەوتنخوازی و هاوچەرخ، کە لە کۆمەڵگەی کوردستان لە دەیان سالّی پێش دەسەڵاتی ئێوەوە، سەرەرای بونی دەسەڵاتی فاشی و سەرکوتگەری بەعس، چەکەرەی کردبوو سەوزبووبوو، بەڵام ئێوە وشکتان کردو هەرچی دابونەریتی دواکەوتوانە هەیە زیندوتان کردۆتەوە ؟!

دەیەم: شانازی دەکەن بەوەوە کە لەسایەی دەسەڵاتە شومەکەتان دواکەوتوترین نەریتی مەحسوبیەو مەنسوبیەو خزمخزمێنەو موچەی بندیوارو داڵدەدانی سەرانی تاوانباری ئەنفال و کیمیابارانی بەعستان کردە کاربەدەست لای خۆتان؟

یانزەهەم: شانازی دەکەن بەوەوە کە هەتا خوێندنگاو زانکۆو نەخوشخانەو بنکەیەکی تەندروستی و وەرزشی و هەر خزمەتگوزارییەکی تری گشتیتان دروست کرد دەیان و سەدانی تایبەتی لەلایەن سەرانتانەوە لە پارەی دزراوی خەڵک و سەروەت وسامانی گشتی وڵات دروست کرد؟!

دوانزەهەم: شانازی دەکەن بەوەوە کە هەتا خوێندنگاو زانکۆو شوێنێکی خزمەتگوزاری گشتیتان دروست دەکرد دەیان و سەدان مزگەوتتان دروست دەکرد و هەزاران مەلاو ئیسلامی تری سەر بەخۆتان دادەمەزراند بە موچەی باش و دەتان کردە ئەندام لە یەکیتی مەلاکاندا تا دەسەڵاتەکەتان بە پیرۆز ڕابگرن و فەتوا دەرکەن دژی هەر لایەن و کەسێکی ئازادیخواز ڕەخنەتان لێ بگرێت؟!

سیانزەهەم: شانازی دەکەن بەوەوە کە لەم ٢٧ سالّەی دەسەڵاتتاندا سەرەتاییترین خزمەتگوزاریتان نەڕەخساند بۆ زۆرایەتی خەڵکی ستەمدیدە، تەنها ٢-٣ سالێک نەبێت مانگانە چەند سەد دۆلارێکتان بۆ مەبەستی پیسی خۆتان دایە مامۆستایان و کارمەندان، بەڵام ئەوە لەم چەند سالّەشدا هەموویانتان لە گەدەو قورگیانەوە دەرهێناو سالّی ٢-٣ روبعە موچەو کرێیان دەدەنێ کە بەشی هەفتەیەک ژیانی کولەمەرگی خەڵک ناکات؟!

چواردەهەم: شانازی دەکەن بەوەوە کە ٢٧ سالّە تەواوی سەرانتان ٢٧ هەزار وەعدەی دۆرتان داوە کە ئەمسالّ یان سالّی داهاتو کێشەی نەبوونی ئاو وکارەبا چارەسەر دەکەن، بەڵام ٢٧ هەزار جار دۆرتان کرد؟! لە بەڕێوەبەری دائیرەی ئاو و کارەباوە بەڵێنی درۆیینەی دەدا بە خەڵک تا دەگاتە وەزیرو سەرۆکی حکومەت و پەرلەمان و یەک دانەیان ڕاستگۆ دەرنەچون؟!

پانزەهەم: شانازی دەکەن بەوەوە کە سەدان و هەزاران کوڕو کچی خەڵکی هەژار یان نەیدەتوانی خوێندن تا زانکۆ تەواو بکەن یاخود بە هەزار نەبوونی و نەداری ئەگەر تەواویشیان بکردایە کاری دەسناکەوت؟! لە کاتێکدا منالانی خۆتان لە باشترین زانکۆ تایبەتییەکانی وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکاو ئوستراليا بە پارەی خەيالّی وەردەگیرا، بەڵام لەبەر ڕابواردن خوێندنی سەرکەتوانە تەواو ناکرد کەچی بە شەهادەی تەزویرەوە بە پلەی دکتۆرو پرۆفیسۆر دەبووە بەرپرسی باڵاو مامۆستای زانکۆ؟!

شانزەهەم: شانازی بەوەوە دەکەن کە سەرانتان هەموی بە پارە بونە خاوەن دکتورا، بەڵام خاوەنی کەمترین زانست و زانیاری نین جگە لە پسپۆری لە درۆ و ڕیاکاری سیاسی و ڕاوڕوت و گەندەڵی و دزیی قاچاخچێتی نەوتو گازو بازرگانی شتی خراپدا نەبێت؟!

حەڤدەهەم: شانازی بەوەوە دەکەن کە هەر بە دزی و گەندەڵی و ڕاوڕوت وقاچاخچێتی و زۆر کاری خراپی تریش بونەتە ملیاردێرو خاوەنی گەورەترین کۆمپانیای جۆراوجۆرو کوشکو تەلارو لە کوردستان و وڵاتانی دونیا؟!

هەژدەهەم: شانازی بەوەوە دەکەن کە لەم ٢٧ سالّەی هەڵبژاردنەکانتان، چ لە کوردستان و چ لە عێرقدا ،هەزارو یەک ڕێگای نا یاسایی بەکار دێنن بۆ دەنگ هێنان؟! ئیتر هەر لە هەڕەشەو



گوڕەشەی نانبرین و پارە بەخشینەوەو درۆو دەلەسە خەڵکتان خۆشخەیاڵ کردوە کەچی هەرخۆشتان شەقتان لە ئاکامی هەڵبژاردن و پەرلەمان و سەرۆکی پەرلەمانەکەتان داوەو ڕێزی دامودەزگاو ڕێساو یاسای دانراوی خۆتان نەگرتوە؟! مەگەر هەر خۆتان نەبوون لە سالّی ٩٤ تا ئێستا چەندین جار شەقتان لە پەرلەمانەکەتان داو، تا دوا جار شەقیکتان لە سەرۆکی پەرلەمانەکەشتاندا؟!

نۆزدەهە: شانازی بەوەوە دەکەن کە دوای ڕوخانی سەدام لەلایەن ئەمریکاوە بە دەستی خۆتان لایەنێکی سەرەکی بوون لە دارشتن و دامەزراندنەوەی دەستورو دەوڵەتی عیراقێکی عروبی و قەومی و ئیسلامی و تایەفی تا سەر ئیسقان کۆنەپەرست و دواکەوتو دژی ئینسانییە؟!

بیستەم:...

ئەمانەو چەند خالّی تر کە دەکرێت بیان ژمێرین لە ٢٧ سالّ دەسەڵاتی ڕەشتان. ئێستاش لەم سەروبەندی گاڵتەجاری هەڵبژاردنەتان دێن هەموو دۆرکانتان لەدەوری سەرختی ئەوە تەوەرە دەبەستن و بە خەڵک دەڵێن تەماشای کارو دەسکەوتەکانمان کەن و شانازی پێوە دەکەن. لە کاتێکدا هەمو کارو دەسکەوتە ڕاستەقینەکانتان ئەمانەن ..؟!

خۆ ئەگەر هەندێک لە سەرانی ئەم دەسەڵاتە کە لەم چەند سالّەی دواییدا جیابونەوە، لەسەر بەشە دزی و گەندەڵی و، خۆیان بە خاوەنی ئەم کارو دەسکەوتانە نازانن و، بەناوی لیست و قەوارەو هاوپەیمانی و جولانەوەی نویوە، دەیانەوێت بەشداری هەڵبژاردن بن، ئەوە هەموویان هەر وەک ئەم دەسەڵاتە وان. هەر کاتێک دەسەڵات بگرن لەوان باشتر نابن.

بۆیە هەموو ئەو لایەنانەی کە ئەم سیستەمەیان بەرهەمهێناوە کە ئەمە کارودەسکەوتەکانێتی بۆ خەڵک، یاخود دەیەوێت بەهەر ناوێکەوە ئەم سیستەمە بپارێزێت پێویستە دەنگیان پێنەدرێت و تەنانەت بەشداری لە هەڵبژاردنی وادا نەکرێت، چونکە دەنگدان و بەشداری کردن تەنها تەمەنی ئەم سیستەمە درێژدەکاتەوە. جا دەنگدان و هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی عێراق بێت یان کوردستان.

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## درێژەی....سکتاریزم لە یەکی ئایاری 2018 دا

تەعەلوقی فکری و تەشکیلاتیان لەگەڵ فرقەکەتدا نییە.

ئەم دەستەی (بەرەو یەکی ئایار)ە لەبریتی ئەوەی بێت یەکڕیزی ئەو گرایش و توێژە لە هەڵسوڕاوانی ڕادیکاڵ و سۆشیالیست بپارێزێت، لە بریتی ئەوەی بێت تواناکانی خۆی و کار و چالاکیەکانی لەگەڵ تواناکانی (کۆمیتەی یەکی ئایار) و کار و چالاکیەکانیدا بکات بەیەک، بەتایبەتیش کە داواشیان لێکردون بە نامەی ڕەسمی، دەیەوێت وەک سکت (گروپ.فرقە)ێک، بەجیا خۆی مەراسیم بگێڕێ و دێت تۆوی دوبەرەکایەتی دەچێنێت. ئەوە ئەو مۆد و شێوازەیە کە کار و چالاکیەکانی پێدەکەن.

لە پشتی لیستێکی دورودرێژی ڕیزکراوی چالاکیەوە ئەو شێوەکارە سکتاریستی (فرقەگەرایی)ە وەستاوە. لێرەوە ئەم چالاکیانە بە هەموو هاشوهوشوێکی "کرێکاری" و "پرۆلیتاری"ەوە کە بۆی دەکرێت و بەڕواڵەت وا دەردەکەوێت لە خزمەت بزوتنەوەی کرێکاریدایە، بەڵام لە پشتەوە تۆوی فرقەگەرایی دەچێنێت.

لە حاڵەتێکدا کە ئەو (دەستە)یە و ئەو (کۆمیتە)یە لە دوو شاری جیادا ئاگایان لە یەکتری نەبوایە و ئەو چالاکیانەی خۆیان هەر لایەنە سەربەخۆ لەوی تر ئەنجامی بدایە، ئەوەی دەردەخست کە بزوتنەوەکە لە پرشوبڵاویدایە و هیچ جۆرە فرقەگەراییەکی پێوە دیار نەدەبوو، بەڵام ئەوەی کە ئەم (دەستە)یە و ئەم (کۆمیتە)یە لە جوگرافیایەکدا کاردەکەن کە ئاگاداری کار و چالاکیەکانی یەکترین کە بڕیارە لەسەر یەک بابەتی دیاریکراو کە یەکی ئایارە ئەنجام بدرێت، بۆ دەبێت و بۆ پاراستنی یەکڕیزی بزوتنەوەی کرێکاری بەیەکەوە ئەنجام نەدرێت؟ ئەو (دەستە)یەی کە نایەوێت هاوئاهەنگی کارەکانی بکات لەگەڵ ئەوانی تری ناو (کۆمیتە)کە، ئەگەر ئەمە بە فرقەگەرایی دانانێت با بفەرموێت وەڵامێک بخاتەڕوو کە بۆچی ناچن بەدەم بانگەوازی "کۆمیتەی یەکی ئایار"ەوە و نایانەوێت هاوئاهەنگی کار و چالاکیەکانیان بکەن.

### نەریتی نوێ

ئەم هاوڕێیانە لە ڕونکردنەوەیەکدا لە لاپەڕەی فەیسبوکی تایبەت بە (بەرەو یەکی ئایار) نوسیویانە:

(ئەوەی لەم ئایارەدا ئەنجامی دەدەین دەرهاویشتەی دونیابینی و تێگەیشتنێکی نوێیە لە دونیای ئەمڕۆ و سیستەمی سەرمایەداری و پێگەی پرۆلیتاریا و خەباتی چینایەتی .... ناشوەستین تاکو ئەم نەریتە نوێیەی خەباتی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی پشت بەستوو بەم نەریتە نوێیە، سەرپێ دەخەین ....).

لە پشتی ئەو وشە ئاڵووالا گشتیانەوە، نە ناسینی تایبەتمەندیەکانی بزوتنەوەی کرێکاری لە کوردستانی عێراق و نە ناسینی پێداویستیە حەیاتی و ئەولەویاتە هەنوکەییەکانی وەستاوە. ئەمە نامۆبونی ڕۆشنفکرانەی ئەو دەستەیە و پشتیوانەکەیانە نامۆبونی خۆیان لە بزوتنەوەیەکی موشەخەسی کرێکاری لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا بە مەنتقیاتی گشتی پەردەپۆش دەکەن. ناوەڕۆکی ئەو "نەریتە نوێ"یەش کە باسی لێوە دەکەن شتێک نییە جگە لە خۆ دابڕان لە یەکڕیزی بزوتنەوەی کرێکاری و خۆ جیاکردنەوە، وەک فرقەیەک لە ریزی یەکگرتووی کرێکارانی ڕادیکاڵ و سۆشیالیست کە دەستیان خستۆتە ناو دەستی یەک، تواناکانی خۆیان یەکخستوە تا پێکەوە یادی یەکی ئایار بکەنەوە.

27-4-2018

## درێژەی...شەڕی دەستورو مافە دەستورییەکان ....

ئەمانە...چوونەوە باوەشی مەرکەزو لەوێ بۆ شوین بەهێزکردن وشەریک کردن وەک عبادی دژایەتی ریفراندۆم دەکەن. ئومێد خۆشناوی کادری پارتیش دەڵێت دەبێت بەرەی نەخێر بۆ ریفراندۆم دادگایی بکرێن لەکاتیکدا خۆی وحیزبەکەی بەنیازە بچنەوە بەغدادو حکومەتی مەرکەز که ئەنجامی ریفراندۆم و خواستی خەڵکی کوردستانی قبوڵ نەبوو سەرکوتی کردن ئیتر نازانم هەڵبژاردنی ئەم جارەش هەمان حکومەتی قەومی مەزهەبی تائیفیە، بێجگە لە ماڵوێرانی بۆ خەڵکی چی دیکەی تێدایە؟ دڵنیام ئەم هەڵبژاردنەش خەڵکی کریکارو زەحمەتکێشی کوردستان زەرەرمەدی گەورە دەبن و ئەو هێزە قەومی و ئیسلامیانەش کە شەریکن لە دەسەڵات تا ٤ساڵی دیکە شەرعیەتی وەردەگرنەوە بەم گاڵتەجاڕیە. بۆ ئەوەی ئەمانە شەرعیەت وەرنەگرنەوە بۆ ٤ساڵی دیکە پێوستە خەڵک بایکۆتی هەڵبژاردن بکات و نەچن بۆ دەنگدان بە دەسەڵات بڵێن هەڵبژاردن هیچ لەژیانمان ناگۆڕێت و ئەگەر بورجوازی ودەسەڵاتەکەی بزانن بەدەنگدان دەروخێن هەرگیز قبوڵیان نەدەکرد پرۆسەی هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، هەر بۆیە بورجوازی باش دەزانێت هەڵبژاردن لە قازانجی خۆیەتی و بەزەرەری خەڵکە. حکومەتی شکست خواردوی فیدراڵی بەهەڵبژاردن ناتوانێت شکستەکانی پڕ بکاتەوە، بەڵکو ئەم هەڵبژاردنەش ئەوەندەی دیکە هێزو لایەنە سیاسیەکان بەگژ یەکدا دەکات...

## درێژەی...پێویستە ١ی ئایاربکرێتە کەرنەڤاڵی تێکۆشان ....

ئابوری لە عێراق و باشووری کوردستان گێڕاوەتەوە بۆ قۆناغە دواکەوتووەکان. کە کردووەو، لە هەمان کاتدا، بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی و دەست بەسەراگرتنی بازاڕی وڵات، لەلایەن بازرگانانی مشەخۆر وبەشێکی زۆر لەسیاسییە گەندەڵ و دزەکان کە کۆمەڵگەی عێراق و باشووری کوردستانیان ئەمەش بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاری و بێکاری و بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری و خراپتربوونی خزمەتگوزاریی تەندروستیی و ئاوی خواردنەوەو کارەبا و نزم بوونەوەی ئاستی زانستی زانکۆ و قوتابخانەکان ودابەزینی ئاستی دەرچوونی قوتابیان .

پێویستە یەکی ئایار بکرێتە کەرنەڤاڵی بەهێزکردنی تێکۆشانی یەکگرتوانەی هێزی چینی کرێکار وزەحمەتکێشان وفەرمانبەران و هەژاران، ئەم ڕۆژە پیرۆزە هەنگاوێکی کرداری بێت بۆ ڕێکخراوبوونی سەرجەم بەشمەینەتان، لەبەرئەوەی خودی هاتنەکایەوەی ڕۆژی یەکی ئایار ڕەمزی خەباتی یەکگرتوانەی چینی کرێکارە بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسا و سیستەمی چەوسانەوەیە، بە هەربیانویەکەوە بێت کەمکردنەوەی کرێ وموچەی کرێکاران و فەرمانبەران و مامۆستایان دەبێت ڕێگا نەدرێت و قەدەغەبکرێت. دەرکردن وفەسڵکردنی کرێکار و فەرمانبەر وماموستا بە هەربیانوێکەوە بێت قەدەغە بکرێت. ئەمەش بەندە بە ڕێکخراوبون و هاتنەمەیدانی یەکگرتوانەی مامۆستایان وفەرمانبەران و کرێکاران و زەحمەتکێشان ودەستفرۆشان بۆ بەگژداچوونەوەی ئەم سیستەمە نابەرابەرو چەوسێنەرە.

## درێژەی.... هەواڵ و نارەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان...

خەڵاتێکی تریشی پێدرا لە لایەن وەزیری دەرەوەی ئێستای ئەمەریکاوە، بەڵام سەرباری هەموو ئەو سەرکەوتنانە، و ئەو خەڵاتانەش هێشتا پێویستە ئیدانەی کارە نادیموکراتیکەکانی کازاخستان بکرێت لەسەر زیندانیکردنی ڕابەرانی سەندیکا سەربەخۆکان.

### پۆلیسی تورکیا چاودێری خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی کرێکاری دەکات لە ئەستەنبوڵ

ڕۆژی هەینی، ٢٧/٤/٢٠١٨، نووسینگەی پارێزگاری ئەستەنبوڵ گوتی؛ دەسەڵاتدارانی تورکیا ڕێگا نادەن بە جێبەجێکردنی چالاکیەکان لە ڕۆژی کرێکاری جیهانی لە شارەکە، تەنیا سنووردار دەبێت بە ناوچەیەکی دیاریکراو و دوور لە ناوەندی شار. هەروەها دەست دەکرێت بە بڵاوپێکردنی ٢٦ هەزار لە هێزەکانی ئاسایش بۆ چاودێری کردنیان.

لەم ساڵانەی دواییدا، پۆلیس سۆندەی ئاو و گازی فرمێسک ڕژێنی بەکارهێناوە بۆ بڵاوەپێکردنی ئەو خۆپیشاندەرانەی لە ناوەڕاستی شار ڕێپێوانیان ڕێکدەخست، نزیک بە گەڕەک و مەیدانی بەناوبانگی تەقسیم، کە ساڵی ١٩٧٧ دەیان کەس کوژران لە کاتی خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی کرێکار کە نەقابە کرێکاریەکان ڕێکیانخستبوو.

لە ڕاگەیاندنێکدا؛ پارێزگار داوای کردووە خۆدوورکەنەوە لە" هاندان و تێکدانی ئارامی ئاسایش" لە ڕۆژی ٣ شەممەی داهاتوو. هەروەها حیزبێکی بچووکی چەپ گوتی" ژمارەیەک لە ئەندامەکانیان دەستگیرکراون، پێش ئەوەی کۆبوونەوەکانی ١ی ئایار دەستپێبکات، سەرەڕای ڕاگەیاندنی قەدەغەکردنی".

### هەزاران کرێکاری کانە مەعدەنیەکان؛ ناڕەزایەتی لەبەرامبەر لانی کەمی کرێ لە باشووری ئەفەریقیا دەردەبڕن....

هەزاران لە کرێکارانی کانە مەعدەنییەکان لە باشووری ئەفەریقا دەستیانکرد بە مانگرتنی هەمەلایەنە لە ڕۆژی ٤ شەممە، لەسەر لانی کەمی... کرێ کە حکومەت پێشنیاری کردوە. ڕێپێوانەکە لە ناوەڕاستی کیپ تاون دەستپێکرد. ئەندامانی یەکێتی و نەقابە کرێکاریەکان بەشداریان تێداکرد. سەرۆکی باشووری ئەفەریقای تازە(سیریل ڕامافۆسا)، بەڵێنی چاککردنی گوزەرانی هاوڵاتیانی داوە، بەکارکردن لەگەڵ هەموو حیزبە سیاسیەکان.




ئەمەش دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان بەسەرۆکی تازە، دوای دەست لەکارکێشانەوەی جاکوب زۆما لە ڕۆژی ٣ شەممە لە ٢٤/٤/٢٠١٨.

### مامۆستایان لە ئەمەریکا خۆپیشاندان دەکەن بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین لە بەرامبەر کەمکردنەوەی مووچەکانیان.

هاتنە سەرشەقامی هەزاران لە مامۆستایانی ئەمەریکا، لە هەردوو ویلایەتەکانی ئەریزۆنا و کۆلۆرادۆ، بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لەبەرامبەر کەمکردنەوەی مووچەکانیان. مامۆستایان لەویلایەتی ئەریزۆنا مانیانگرت لە کار، لە هەوڵێکدا بۆ فشارخستنە سەر حکومەت بۆ زیادکردنی مووچەکانیان بەڕێژەی ٢٠%، بۆئەوەی لەگەڵ ویلایەتەکانی دیکەدا مووچەی یەکسانیان هەبێت. بەپێی تۆڕی هەواڵی( ئەی بی سی)ی ئەمەریکی، مامۆستایانی ئەم دوو ویلایەتە لە پلەی ٤٦ی ڕیزبەندی مووچەکانیانن. ئاشکراکردنی ڕاپۆرتێک کە لەلایەن پەیوەندی فێکاری نیشتمانی دەریکردووە. ناڕەزایەتیەکان بوونە هۆی ئامادەنەبوونی ملیۆن و نیوێک لە خوێندکاران لە خوێندنگاکاندا. ئەم ناڕەزایەتیانەش دوای ناڕەزایەتیەکانی مامۆستایانی ویلایەتی ئۆکلاهۆما دێت، کە دوای ٩ ناڕەزایەتی توانیان




حکومەت ڕازی بکەن بۆ بەرزکردنەوەی مووچەکانیان لە مانگێکدا بە بڕی ٦٠٠٠دۆلار بۆ هەر مامۆستایەک.

ساڵی دووەم، ژمارە (27) 1/5/2018

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

راوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
نووسەرانی ئەم ژمارەیە: سالار حەمە سەعید، نادر عەبدالحمید، عەبدوڵا مەحمود،مستەفا باهیر، ڕۆژ عەزیز، ئاراس رەشید، شوان عەزیز، مزەفەر عەبدوڵا
پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە سەرنووسەرەوە:
مۆبایل: 0046737403392

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

# سروە حەوێز بوو بە ژنی نموونەی پەنابەری ساڵ لە فنلاند!
## ژنی نمونەی چییە وکێ دەبێت بە ژنی نمونەیی؟
**ئامادەکردن و نووسینی: مستەفا باهر**



لەسەرەتای ساڵی(١٩٩٨)ەوە ڕێکخراوی یارمەتیدەری پەنابەران، ساڵانە ژنی پەنابەری ساڵ، خەڵات دەکات. مەرجەکانی هەڵبژاردنەکە، بە گویرەی ساڵ دەگۆڕێت، بەڵام بنەمای سەرەکی ئەو خەڵاتە ئەوەیە، کە کەسەکە دەبێت کەسێکی گەورە ساڵ بێت، وێڕای سەختی ژیانی و نەهامەتی و پەنابەریەتی، تونیبێتی سەرکەوێت بەسەر ئاستەنگیەکانداو لە کۆمەڵگەی نوێدا جێگای خۆی کردبێتەوە. سەرەڕای ئەوەش توانیبێتی یارمەتی کەسانی تریش بدات. (سروە)ش یەکێک بەوە لەوانەی کە یارمەتیەکی یەکجاری زۆری پەنابەرانی داوە بەتایبەتی ژنان و منداڵان. لەسەر ئەم بنەمایانە لە ڕۆژی. ٢٤/٤/٢٠١٨ لە هیلسنکی پایتەختی فنلاند، سروە حەوێز توانی خەڵاتی ژنی پەنابەری ساڵ وەرگرێت.

سروە حەوێز کێیە؟

ناوی تەواوی (سروە حەوێز فریق) ە لەدایکبووی شاری کەرکوکە. پورزای هاوڕێ (شاپور عبدولقادرە) ،ئەم دوانە واتە ( شاپورو، سروە) وەک خۆشکو برا وابوون، بەهۆی ئەوەی کە هەردووکیان پیکەوە لەماڵێکدا ژیاون، ئەویش دوای ئەوەی کە باوکی شاپور کە جەلالی بوە و، بەدیلی کەوتوەتە دەست پارتییەکان، لە لایەن تحسین شاوەیسەوە لەساڵی ١٩٦٨ دەکوژرێت. دایکی شاپور دەگەڕێتەوە ماڵی باوکی سروە هەموویان پێکەوە دەژین. سروە هەمیشە شاپوری بە برا گەورەی خۆی زانیوە. هاورێ شاپور دەبێت بەئەندامی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق وە پاشان دەبێت بەئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو حزبە. هاورێ سروەش لە بواری ڕێکخراوی ژناندا دەست دەکات بەکارو چالاکی و کۆمەکێکی زۆری ئاوارەکانی کەرکوک دەکات. پاشان هاورێ سروە لە ساڵی ١٩٩٤ لەگەڵ هاورێ (قابیل عادل) هاوسەرگیری دەکەن. هاوڕی (قابیل) یش هەڵسوڕاوێکی چالاکی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاریی بوەو ئەندامی کۆمیتەی ڕابەرایەتی حزب بووە لە کوردوستان. هاورێ سروە، شانبەشانی هاورێیان (شاپورو و قابیل) دەست دەکات بە کارو چالاکی، بەتایبەتی لەسەر کەیسی ژنان. هەروەها هاوکارێکی بەردەوامی ئاوارەکانیش بووە بەتایبەتی ئاوارەکانی کەرکوک.. کارو خەباتی کۆمۆنیستەکان و چونە پێشەوەو بەرزبونەوەی جێگاو ڕێگای کۆمۆنیستەکان و دەرکەوتنی ڕابەرانی وەک ( شاپورو قابیل)، نەک تەنها کۆنەپەرستانی هەولێر بەڵکو کۆنەپەرستانی ناوچەکەی تەنگە نەفەس کردبوو، بەتایبەتی لە دوای مەراسیمی ٨ مارسی ساڵی ١٩٩٨. کە بینیان ئەم ڕابەرانە چەند خۆشەویستن لای خەڵکی هەژارو نەدارای هەولێر. ژنان چۆن پێشوازی لەو دوو ڕابەرە خۆشەویستە دەکەن. تەنها کەسێک کە جێگای باوەڕی ئاوارەکانی کەرکوک بوو هاورێیان (شاپورو قابیل) بوون. کارو خەباتی ئەم دوو ڕابەر خۆشەویستە و گەشەی کۆمۆنیزم ترسێکی گەورەی خستە دڵی دەسەڵاتدارانی هەولێرەوە. دەسەڵاتداران و کۆنەپەرستان، چونە پێشەوەی ڕۆژ بەرۆژی کۆمۆنیزمیان بە خەتەرێکی گەورە بۆسەرخۆیان دەبینیەوە. هەربۆیە لەمینبەری مزگەتەکانەوە مەلا کۆنەپەرستەکان کەوتنە هێرشکردنە سەر کۆمۆنیستەکان. مەلایەکی کۆنەپەرستی وەک مەلا بەشیر بەئاشکرا فەتوای کوشتنی کۆمۆنیستەکانی دەرکرد و وتی (ئەوەی لەدینی ئیسلام وەرگەڕێ، دەبێت بکوژرێت). دوای ئەم فەتوایانە حزبێکی کۆنەپەرستی ئیسلامی پاش هەڵکردنی گڵۆپی سەوز لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەولێرەوە، لە ڕۆژی ١٨/٤/١٩٩٨ هەستان بەتیرۆرکردنی هاوڕی ( قابیل عادل، شاپور عبدالقادر).دوای ئەم تاوانە گەورەیە، سروە و منداڵە بچوکەکەی نەیان توانی لە کوردوستانی ژێر دەسڵاتی حزبە ناسیۆنالیستەکان و ئیسلامیەکاندا ژیان بەسەر بەرن. بۆیە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠دا رویان کردە هەندارن. ئەمرۆ٢٤/٤/٢٠١٨ هاورێ سروە دروست لەومانگەدا نزیک لەو ڕۆژەی کە کۆنەپەرستەکان ئەو تاوانەیان کرد بەرابەر بە هاوسەرو پورزاکەی، بە ژنی نمونەیی پەنابەری ساڵ دەستنیشان کرا. سروە بە باوەر بوون بەخۆی سەرەرای هەموو ڕێگریەکان توانی کە ژیانیکی شایستە بۆ خۆی و منداڵەکەی دابین بکات و ببیت بە یەکێک لە ناسراوترین ژنی پەنابەر لە فنلاند، سروە لەڕێگای ڕێکخراوی ژنانی عێراقیەوە هاوکاریەکی زۆری پەنابەران بەتایبەتی پەنابەرانی ژنانی کردوە. ئێستاس لەو ڕێکخراوە فەرمانبەرە بۆئەوەی کە هاوکاری ئەو ژنانە بکات کە دەیانەویت لەوڵاتی تازەدا جێگای خۆیان بکەنەوە.. کچە جوانەکەشی (لیۆە)خان توانیویەنتی کە قۆناغەکانی قوتابخانە بەوپەڕی سەرکەتویی تەواو بکات. سروە بە ورەیەکی بەرزو رویەکی خۆشەوە هەمیشە کۆمەکی ئەو کەسانە دەکات کە پێویستیان بەیارمەتی هەیە. هەربۆیە سروە شایەنی ئەو خەڵاتە بوو، ڕێکخراوەکە بەدروست ئەویان دەست نیشان کردبوو. بەم بۆنەیەوە پڕ بەدڵ پیرۆزبایی گەرم لەهاوڕی سروە و تەواوی خانەوادەکەیان دەکەین .هیوای سەرکەوتنی بەردەوامیان بۆ دەخوازین.

## دواکات بۆ ناردنی بابەتەکانی ژمارەی داهاتووی بۆپێشەوە...12-5-2018

دواستوون

# لە یادی دووسەدساڵەی لەدایکبوونیدا، پەردە لەسەر پەیکەری مارکس لادەدرێت!!




٥ ئایار، دووسەد ساڵ بەسەر لەدایک بوونی مارکسدا تێپەردەبێت... بە بۆنەیەوە پەیکەرێکی بلند باڵای پینج مەتری، بۆ بڵندبەرزی ئینسانی و کەسایەتی سیاسی شۆرشگێر و فەیلەسوف و ئابوریناس و ڕێنشاندەری رزگاری ئینسان لە ستەم و نابەرابەری نیزامی دیلیهێنەری سەرمایەداری، مارکس دروستکراوە و وابریارە ٥ ئایار لەشاری تیری ئەڵمانیا، شوێنی لەدایک بوونی لە مەراسیمێکدا پەردە لەسەر ئەو پەیکەرە لاببرێت...

دانانی پەیکەری مارکس دوای دووسەد ساڵ بەسەر لەدایکبوونیدا، زیندوراگرتنی یادی دووسەدساڵەی... ئاماژەیە بۆ زیندووبون وراست و دروستبوونی و لەسەر حەق بوونی مارکس. دوای ئەو هەموو هێرشەی کە بەشکستی بلۆکی شەرق و داکوژانی سۆسیالیزمی دەوڵەتی لە روسیادا کرایە سەر مارکس و مارکسیزم و بیروباوەرەکانی مارکس، کەچی تا ئێستا قین لەدڵترین رەخنەگرانی کۆمۆنیزم و مارکس و مارکسیزم ناتوانن ئەو راستیە رەتبکەنەوە کە مارکس تێروانین و تیزەکانی توانیویەتی تیگەیشتی ئینسان بۆ میژووی مرۆڤایەتی لە رەگ و ریشەوە بگۆرێت...

بۆچوون و لێکدانەوەکانی مارکس کە لە نووسین و تیزو پرکتیکی شۆرشگێرانەیدا، بەرجەستە بووە، دەوڵەمەندترین و سازشهەڵنەگرترین رەخنەی تیئۆری و فکری و سیاسی و پراکتیکی بووە لە سیستەمی سەرەوخوارو دیلیهێنەری سەرمایەداری...

سەرمایەداری لەکاتی سەرهەڵدانیەوە، بە کۆنی و تازەیەوە، بەو بەرگ و شیوازو سیما و روخسارە ماکیاژکراوەکانیەوە... بەسەردەمی پێ گرتن و گەشەیەوە، بە دەورانی رەونەق و ئەزمەیەوە،... تا بەنەمر نیشاندانی سەرمایەداری لەچەند دەهەی رابردوودا... دەتوانرێت و سانایە لەوە تێبگەین کە سەرمایەداری وەکو هەر دیاردەو چینێکی کۆمەڵایەتی، دەکرێت بمرێت و بەخەباتی و ڕێکخراو و یەکگرتوانەی خودی گۆرهەڵکەنانی سەرمایەداری" چینی کرێکار" بە گۆڕ بسپێردرێت..

مارکس یەکەم کەس بوو پێناسەی راستەقینەی دیاردەیەکی مێژووی کرد بەناوی سەرمایەداری و نیشانیدا کەچۆن پێی گرتوەوە سەری هەڵداوە، و بەچ قانونمەندیەک دەجولێت و تایبەتمەندیەکانی چین و چۆنیش دەتوانرێت لە بەین ببرێت... مارکس پەردەی لەسەر دیاردەیەکی هەستپێنەکراو بەناوی ئەلگۆی بەهەم هێنانی سەرمایەداری لادا...

ئەمرۆ بۆرژوازی لە دڵی ئەزمەو قەیرانگرتووی خۆیدا، ناچارە دان بنێت بە رۆڵی مارکس و تیروانینەکانیدا، بەو جۆرەی خۆیان دەیانەوێت و مەبەستیانە... ئەوان دەیانەوێت... مارکس تەنها وەکو ئابوری ناسێکی روت و دوور لە سیاسەت و شۆرشگیر و خەباتکار... دەرخواردی کۆمەڵگە بدەن.. بەڵام راستی دروستی بۆ چوونەکان و تیزەکانی، تا پراکتیکی و شۆرشگیربوونی مارکس راستیەکە ناتوانرێت نادیدە بگیرێت... بۆیە مارکس هەر زیندووە و تا ئەوکاتەش نیزامی سەرمایەداری و شێوەی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری بمینێ...ناو و کارنامەو رۆڵی مارکس وەکو سەرمایەداری کیشوەر بڕ و دەمێنتەوە... دوای دووسەد ساڵ بەسەر مەرگی مارکسدا، دروستکردنی پەیکەری بڵندباڵا لە برنۆز و لە وڵاتی غولائاسای ئابوری سەرمایەداری" چین" دا و دانان و لابردنی پەردە لە ئەڵمانیادا، نیشانەی سەردانەواندنە لەبەرامبەر ئەو ئینسانەدا کە لەگەڵ هاورێکەی ئەنگڵسدا، توانیان تیگەیشتنی ئینسان، لە رەگەوە بۆ کۆمەڵگە و دیاردەی سیستەمی سەرمایەداری بگۆرن...

**عەبدوڵا مەحمود**